گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کارتێکەرە نەتەوەییەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا

## (ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی لە سوریا وەك نمونە)

**احمد بابکر احمد**
دیبلۆماسیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان, کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان, زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Ahmed.babakr@lfu.edu.krd

**هۆگر ابراهیم حەکیم**
زانستە سیاسیەکان, کۆلێژی زانستە سیاسیەکان, زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
وانەبێژ لە بەشی دیبلۆماسیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان, کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان, زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
hogr.hakeem@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/١/٢٥
پەسەندکردن: ٢٠٢١/٣/٤
بڵاو کردنەوە: بەهاری ٢٠٢١

*Foreign policy, turkey, Rojava, Nationalism factor, Kani Ashti operation*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.2.01

## پوختە

تورکیا وەک یەکێک لەهێزە کاریگەرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست خاوەن سیاسەتێکی دەرەوەی فرە رەهەندە، چەندین شێواز و ئامانجی جیاوازی هەیە لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەدا، هاوکات چەندین فاکتەریش کاریگەریان لەسەر دارشتنی ئەو سیاسەتانەوە هەیە. ئەم توێژینەوەیە گرنگی خۆی لەو خاڵەوە پەیدا کردووە کە هەوڵدەدات سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەگشتی و بەرامبەر رۆژئاوای کوردستان بەتایبەت بخاتە بەر لێکۆڵینەوە، هەروەها بەدوای ئەو فاکتەرانەش بگەرێت کە کاریگەریان هەبووە لەسەر سیاسەتی تورکیا بەرامبەر رۆژئاوای کوردستان. لەم چوارچێوەیەدا پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لەوەی ئایا کارتێکەرە نەتەوەییەکان کاریگەریان هەبووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر رۆژئاوای کوردستان. گریمانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەکراوە کە بەڵێ تورکیا سیاسەتی دەرەوەی خۆی لەژێر کاریگەری نەتەوەیی دارشتووە و ئامانجە سەرەکییەکانی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانیشی، بە تایبەت ئۆپەراسیۆنی سەربازی کانی ئاشتی هەر لەسەر ئەو بنەمایە بنیاتناوە.

## پێشەکی:

سیاسەت و ستراتیژیەتی بەدوای دەستەبەرکردنی کۆمەڵێك ئامانج و بەرژەوەندی دایە، ئەو بەرژەوەندیانەی کە ستراتیژییەتی دەوڵەت بەدوای دەستەبەرکردنیدا دەگەڕێت و بەرژەوەندی باڵا و ستراتیژییەتی نەتەوەیی و نیشتمانی باڵای دەوڵەت بەرجەستە دەکەن و بەقوڵایی ستراتیژییەتی نیشتمانی دەوڵەت دادەنرێت. یەکێك لە ئەکتەرە زۆر بەرچاوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە لە سەدەی نوێدا بە بەرنامە و ستراتیژیەتێکی نوێوە هاتۆتە مەیدان دەوڵەتی تورکیایە. تورکیا لەپاڵ کۆمەڵێك هێزی دیکە لە هەوڵی ئەوەدان زۆربەی جولەکانی ئەو ناوچەیە لە بەرژەوەندی خۆیان کۆتایی پێ بێت. ئەگەر سەیری تورکیای نوێ بکەین دەبینین کۆمەڵێك ئەجێندای نوێی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەیە، کە لەدواجاردا هەوڵ دەدات ببێتە هێزی ژمارە یەك لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

## گرنگی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەك گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەتایبەت ئەو توێژینەوانەی پرسی سیاسەتی دەرەوەی وولاتێك دەخەنە بەر لێکۆڵینەوە، بەوپێیەی دارشتنی سیاسەتی دەرەوە و ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان هەیە لەسەر دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتدا کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لەسەر ژینگەی نێودەوڵەتی و هەرێمی، بەتایبەت ئەو وولاتانەی دەکەونە رۆژهەڵاتی ناوەراست. لێرەدا کە تورکیا دەخرێتە بەر توێژینەوە جۆرێك لە گرنگی بەتوێژینەوەکە بەخشیوە بەهۆی ئەوەی تورکیا رۆڵێکی گەورەی هەیە لەسەر ناوچەکە. بۆیە گرنگە بزانین سیاسەتی دەرەوەی چۆن دادەرێژێت و چۆن کاریگەری بە فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی دەوڵەتی تورکیا. لەلایەکی ترەوە گرنگی ئەو توێژینەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەوەدایە کە هەوڵ دەدات پرسی نەتەوەیی بە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ببەستێتەوە بەتایبەت کە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا سنورێکی بەرفراوانی هەیە و بەجۆرێك لەجۆرەکان کاریگەری گەورەی لەسەر ئێمە وەکو کورد هەیە.

## پرسیاری سەرەکی

ئەو توێژینەوە چەند پرسیارێك لەخۆ دەگرێت، ئایا کارتێکەرە نەتەوەییەکان کە کاریگەریان هەیە لەسەر دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر رۆژئاوای کوردستان چین؟ لەپاڵ ئەو پرسیارەدا ئەو توێژینەوە هەوڵ دەدات وەڵامی هەندێ پرسیار بداتەوە لەوانە: ئایا پێگەی تورکیا لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا لە تورکیادا بۆ دارشتنی سیاسەتی دەرەوە پشت بە چ فاکتەرێک دەبەسترێت؟ ئایا تورکیا بەچ ئامانجێک و ستراتیژیەتێکەوە سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەرامبەر رۆژئاوای کوردستان دارشتووە؟ لەم نێوەندەدا ئامانجی سەرەکی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی چییە؟ بەتایبەی ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی کە نمونەی توێژینەوەکەمانە.

## گریمانەی توێژینەوە

لەسەر بنەمای پرسیاری سەرەکی توێژینەوە، گریمانەی ئەوە دەکەین، تورکیا لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی بەرامبەر پرسی سوریا بە گشتی و رۆژئاوای کوردستان بە تایبەتی کەوتۆتە ژێر کاریگەری کارتێکەرە نەتەوەییەکانەوە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەرامبەر ئەو پرسە پەیرەو دەکات، هەروەها ئامانجی سەرەکی لە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان بە گشتی و ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی رێگری کردنە لە دروست بوونی کیانێکی کوردی لە کوردستانی سوریا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## میتۆدی توێژینەوە

بەهۆی ئەوەی توێژینەوەکە کار لەسەر کەیسێکی دیاریکراو دەکات بۆیە باشترین میتۆد بۆ ئەو توێژینەوەیە، میتۆدی وەصفی شیکاریە، کە بەهۆیەوە سەرجەم ئەو داتا و زانیاریانە کۆ دەکرێتەوە کە پەیوەستن بەبابەتی توێژینەوە و دواتر لە رێگەی شیکردنەوەی ئەو داتایانە هەوڵدەدرێت وەڵامی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە شیبکرێتەوە.

## پێکهاتەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە دابەشی سەر سێ بەشی سەرەکی کراوە. لە بەشی یەکەمدا سیاسەتی دەرەوە بەشێوەیەکی زانستی لێکدراوەتەوە، هەروەها لە بەشی دووەمدا سیاسەتی دەرەوەی لە رووی ئامانج و شێوازی دارشتن و فاکتەرە کاریگەرەکان باس کراوە. بەشی سێیەمیش تیشک خراوەتە سەر ئەوەی چۆن فاکتەری نەتەوەیی کاریگەری هەبووە لەسەر سیاسەتی تورکیا بەرامبەر رۆژئاوای کوردستان و ئۆپراسیۆنی کانی ئاشتی چۆن لەسەر ئەو بنەمایە دارشتووە.

## 1- بەشی یەکەم: دەروازیەکی تیۆری

### 1-1- سیاسەتی دەرەوە: چەمك و پێناسە

سیاسەتی دەرەوە گرنگ و تایبەتمەدی خۆی هەیە بۆ دەوڵەت بەتایبەت بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی لە دەرەوەی ژینگەی خۆی. بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو گۆڕانکاری و پێویستیانەی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەیە گرنگی سیاسەتی دەرەوە زیاتر بە دەردەکەوێت. لێرەدا هەوڵ دەدەین سیاسەتی دەرەوە روون بکەیەنەوە هەرچەندە پێناسەی جیاواز خراوتە روو.

سیاسەتی دەرەوە بریتییە: لە بەرنامەیەکی کارکردن کە نوێنەرە فەرمیەکانی یەکە نێودەوڵەتیەکان هەڵیدەبژێرن لە نێو کۆمەڵێك ئەڵتەرناتیڤدا، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان کە هەوڵی پاراستن و پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت دەدات لە بواری پەیوەندییە دەرەکیەکاندا. بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەش پەنا بۆ چەند ئامرازێك دەبات بۆ نموونە: ئامرازی دیبلۆماسی، سەربازی، ئابووری، تەکنەلۆژی، سیخوری و راگەیاندن و پروپاگەندە.( مەلکۆ شێرۆکی، 2016، ل. 150)

هەروەها (مارسیل میرل) لە پێناسەکردنی سیاسەتی دەرەکیدا دەڵێت: سیاسەتی دەرەکی ئەو چالاکیە حکومیەیە کە ئاراستەی دەرەوەی وولات دەکرێت بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە لەو دیو سنوورەکانی دەوڵەت سەر هەڵدەدەن. (مارسیل میرل، 1989، ل. 3)

(والتر لیمان) بەم شێوەیە پێناسەی سیاسەتی دەرەوە دەکات: سیاسەتی دەرەکی کارکردنە لەسەر دۆزینەوەی هاوسەنگیەك لە نێوان پابەندبوونی دەرەکی وولات و ئەو هێزەی کە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پابەندبوونە ژمارەیەك نووسەر و ڕووناکبیری دیکەش پییان وایە کە زاراوەکە ئاماژە بەو ئاکارە سیاسیە ئامانجدارانە دەکات کە لە پرۆسەیەکی ئاوێتە بوونی پەیوەست بە بڕیارسازی دەرەکیەوە دروست دەبێت لە لایەن یەکەیەکی نێودەوڵەتیەوە.(مصباح، 1994، ل. 12)

هەروەها جۆرج مۆدلێسکی بەم شێوەیە پێناسەی سیاسەتی دەرەوە دەکات: "بریتییە لە ڕێکخستنی چالاکی دەوڵەت لەو پەیوەندییانەی کە لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا هەیەتی، بەشێوەیەکی گشتی دەوڵەتان لە میانەی سیاسەتی دەرەکیانەوە هەوڵی ئەوە دەدەن بەرژەوەندی نیشتمانی و ئاسایشی ناوخۆیی و ئامانجە فیکری و ئایدۆلۆژی و دەستکەوتە ئایدۆلۆژیەکانیان بپارێزن."( حسین، 2018، ل. 17).

ئەلبێرت عیسا پێی وایە سیاسەتی دەرەوە کرۆکی سیاسەتی نێودەوڵەتی پێکدێنێ چونکە گۆرەپانی چالاکیەکانی هەڵسوکەوت و بڕیاری دەوڵەت بەرامبەر بە دەوڵەتانی لە ژینگەی نێودەوڵەتی لە خۆ دەگرێت. هەروەها لە ڕێگەی سیاسەتی دەرەوە دەوڵەت هەوڵ دەدات پەیوەندی لەگەڵ ئەکتەرەکانی تری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان دروست بکات و بە پێی بەرژەوەندی دەوڵەت ئاراستەی خۆی بگۆڕێ و قازانج و بەرژەوەندییەك بۆ دەوڵەت دەستەبەر بکات. هەروەها ئەلبێرت عیسا وای دەبینی کە سیاسەتی دەرەوە ئامرازێکە بەدەست دەوڵەتەوە و لە ڕێگەی ئەو سیاسەتەوە دەوڵەت هەڵوێست وەردەگرێت بەرامبەر هەموو شتێك کە بەباشی بزانێت بۆ خۆی و ڕەتکردنەوەی شتێك کە بە زەرەر

یان زیانی بزانێت بۆ خاك و خەڵکی خۆی. وە کاریگەری خۆی پراکتیزە دەکات لە دەرەوەی سنورەکانی خۆیدا. هەروەها دەوڵەت هێز و سەروەری و ئاسایشی خۆی دەپارێزێ بەرامبەر بە ئەگەری هەرەشە و مەترسیەکان کە لە دەرەوەی سنوورەوە دێن بۆ پاراستن و مانەوە و دەستەبەرکردنی ئاشتی ئاسایشی وڵاتی خۆی.( عیسا، 2019، ل. 188)

جۆن میرشایمەر، وەك توێژەرێکی سەر بە ریالیزمی بونیادی (Structural Realism) پێی وایە دەبێت سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت، سیاسەتێکی هێرشبەرانە بێت. چونکە تایبەتمەندی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکە دەسەڵاتێکی باڵاتر نیە لە دەوڵەت، کە هەمووان دژی دەستدرێژی بپارێزێ. لە تێروانینی ئەم نوسەرە ئامانجی سەرەکی دەوڵەت لە سیستەمێکی بێ متمانە و نەبوونی رێکخستندا بریتی دەبێت لە مانەوە و خۆپارێزی، لەبەر ئەوە پێویستە دەوڵەت سیاسەتی دەرەوەی هەمیشە هێرشبەرانە بێت.(John J. Mearsheimer, 2009)

هەروەها مازن الرمضانی لە پێناسەکردنی سیاسەتی دەرەوەدا دەڵێت: رەفتاری سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتە کە ئاراستەی دەوڵەتێك دەکرێت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراو. (الرمضانی، 1998، ل. 34)

لەلایەکی تر. محمد السید سلیم، پێناسەی سیاسەتی دەرەوە دەکات و پێی وایە سیاسەتی دەرەوە بەرنامەی کاری دەوڵەتە کە نوێنەری دەوڵەت لە نێوان کۆمەڵێك ئەلتەرناتیڤدا باشترینیان هەڵدەبژێرێ کە نزیکە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەوڵەت. ( السید سلیم، 1998، ل. 12)

## 2-1: ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە:

هەر دەوڵەتێك بۆ بەدیهێنان و گەیشتن بە ئامانجەکانی لە سیاسەتی دەرەوەدا، کۆمەڵێك ئامراز و میکانیزم پەیرەو دەکات. بە پێی سروشتی ئامانجەکە و گونجان و نزیکی لە بەدیهێنانی ئامانجەکان، ئامرازەکان هەڵدەبژێرێت. بۆ نموونە ئامرازی دیبلۆماسی (Soft Power)، سەربازی ( Hard Power)، ئامرازی ئابووری، ئامرازی تەکنەلۆژی و پروپاگەندە و راگەیاندن... هتد. ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەخت دەکەینە سەر هەردوو ئامرازی دیبلۆماسی و سەربازی وەك دوو ئامرازی پێچەوانە لە سیاسەتی دەرەوەدا.

## 1-2-1: ئامرازی دیبلۆماسی: Soft Power

ئەم ئامرازە یەکێکە لە ئامرازە گرنگ و ئاشتیانە بۆ گەیشتنی دەوڵەت بە ئامانجەکانی لە دەرەوەی سنوری خۆی. ئەم ئامرازە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتیەکان و دوورخستنەوەی دەوڵەتان لە جەنگ و وێرانکاری (شێرۆکی، 2016، 152). هێز، توانای کاریگەریدانانە لەسەر ئەوانی تر بۆ بەدەستهێنانی ئاکامی خوازراو. ئێوە دەتوانن لە سێ ڕێگەوە هێز بەکار بهێنن: لە ڕێگەی هەڕەشە، لە ڕێگەی تەماحکردن، لە ڕێگەی ڕاکێشکردنەوە کە ئەوانی تر ناچار دەکات ئەوەی خۆشتان دەوێ، ئەوانیش خۆشیان بوێ .ئەگەر ئێوە بتوانن ئەوانی تر وا لێ بکەن کە داواکەتان قبووڵ بکەن، دەتوانن بەشێکی گەورە لە سیاسەتی نەخوازراوی "گۆچان و گێزەر" لا بەرن. کەواتە بەبێ هەرەشە و تەماحکردن ئامانجەکە بەدیدێت ( جۆزێف نای، 2017). دیبلۆماسیەت ئامرازێکی گرنگ پێکدێنێ لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوەدا بەتایبەت ئەگەر بتوانێ ئامانجە سەرەکیەکانی بەدیبێنێ، تێگەیشتن لە یەکتری لە رووی رونکردنەوەی ستراتیژیەتی دەوڵەت هەروەها دوورکەوتنەوە لە توند و تیژی و جەنگ، دروستبوونی پەیوەندی برایەتی لە نێوان میللەتان لە سەرووی هەموویانەوە ئاشتی لە ناو جیهاندا (عیسا، 2019، ل. 191). کەواتە هەروەك عبدالعزیز سەرحان لە پێناسەکردنی دیبلۆماسیەتدا، دەڵێت: بریتییە لەو رێگەیەی کە کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی دەیگرنە بەر، بەمەبەستی پێکهاتنی پەیوەندی دۆستانە و ئاشتیانەی نێوانیان. هەروەها نەهێشتنی ئەو گرژیانەی دروست دەبن لە ئەنجامی لە یەکترتێنەگەیشتن و جیاوازی بیروبۆچوون و بەیەکداچوونی بەرژەوەندییەکان، ئیتر سروشتی بەرژەوەندییەکان هەر چۆنێك بێت (شێرۆکی، 2016، 156)

لە وڵاتی تورکیا دوای کتێبەکەی قوڵایی ستراتیژی ئەحمەد داود ئۆغلۆ، هەروەها دوای بونی بە وەزیری دەرەوەی تورکیا، سیاسەت و ئامرازی دیبلۆماسیەتی کردە یەکێك لە ئامرازە لە پێشینەکان بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەوڵەتی تورکیا. هەروەها ستراتیژیەتی (سێگۆشە) کە پارتی داد و گەشەپێدان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لە 2002 داینابوو کە بریتی بوو لە کارکردن لەسەر سێ ئاست: یەکەم: ئاشتی و سەقامگیری ناوخۆیی. دووەم: رەوایەتی ناوچەیی. سێیەم: پەیوەندی لەگەڵ ئەوروپا و ئەمەریکادا (جەعفەر، 2014). بەرزبوونەوەی هێزی نەرم و پێگەی تورکیا تەنیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەمایەوە، بەڵکو لە ئاستی دنیاش بەمشێوەیە ڕوو لە بەرزبوونەوە بوو، ئەندامێکی باڵا و بەهێزی ناتۆ بوو و یەکێك لە وڵاتانی دامەزرێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانە و کاندیدی بەهێزی چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا بوو، لە تەك ئەمەیش کەرتی دیپلۆماسی تورکیا وەك یەکێك لە ئامرازەکانی نەرمە هێز زۆر پێشکەوت و پێوەندییەکان زۆر فرەوان بوون و کاریگەرییان لەسەر وڵاتان دادەنا و بە تەواوی لە وڵاتێك کە هەمیشە شوێنەواری سوپا و جەنگ بوونی هەبوو، بۆ هێزێکی گەورەی ناوچەکە و یاریکەرێکی سەرەکی گۆڕا. هەموو ئەمانە بەلایکەوە نیشانە و ئاماژەی سەرکەوتن و پێشکەوتنن، بەڵام لە 2011 دوای ئەوەی جارێکی تر ئاکپارتی سەرکەوتنی بەدەستهێنایەوە و هاوشێوەی وڵاتانی بەهاری عەرەبی ڕووبەڕووی خۆپێشاندەرانی گەزی پارکی ئیستەنبۆل بووەوە و گرفتەکانی لەگەڵ ئیسرائیل لەسەر گەیاندنی کۆمەك بۆ فەلەستین، هەموو ئەمانە وایکرد تورکیا بە تەواوی پاشەکشە بکات و شکست بهێنێت (ئەحمەد، 2018)  هەروەها فاکتەرێکی تری گۆڕینی ئامرازی دیبلۆماسیەتی تورکیا بۆ سەربازی پەیوەندی بەو پێشکەوتن و سەرکەوتنانەی کورد هەبوو لە سوریا، کە لەبەشەکانی داهاتوودا باسی دەکەین.

## 2-2-1: ئامرازی سەربازی:

هێزی چەکدار بە یەکێك لە ئامرازە سەرەکیەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە دادەنرێت. هەرچەندە ئەو ئامرازە بەوە دەناسرێت کە خەرجی زۆرە و بارگرانی دەخاتە ئەستۆی دەوڵەت، ئەگەر بەراورد بکەین بە ئامرازی دیبلۆماسی. ئامرازی سەربازی زۆربەی کات ئامرازێکی نەویستراوە و پەسەند نیە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتان گرنگیەکی زۆری پێدەدەن، چونکە ئەم ئامرازە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژینگەیەكی لەبار دەرەخسێنێت بۆ سەركەوتنی دیبلۆماسیەت و گفتوگۆكردن (حسین، 2018، ل. 175). هێزی سەربازی رۆڵێكی گرنگ دەگێرێت لە بەرزكردنەوە و بردنە سەرەوەی ئاستی دەسەڵاتی هەر وڵاتێك، هەروەها یەكێكە لە توخمە پێكهێنەرەكانی دەسەڵاتی نەتەوەیی دەوڵەت، هەر دەوڵەتێكیش دەرئەنجامەكانی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەرە و ئاراستەیەك دەبات بەجۆرێك كە لە ئاكامدا، داخوازیەكان و پێداویستیەكانی ئاسایش، ستراتیژ، ئابووری، سیاسی، سەربازی و كەلتووری مسۆگەر بكات جا كورت ماوە بێت یان درێژ ماوە (قەوام، 2012، ل. 135،136،156). هەر لەبەر ئەمەشە دەوڵەت زۆر جاران بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی پەنا دەباتە بەر ئامرازی سەربازی.

پەنابردن بۆ هێزی سەربازی لە لایەن دەوڵەتەوە بە چەند شیوازێك ئەنجام دەدرێت، وەك یەكێك لە ئامرازەكانی سیاسەتی دەرەوە.

1- بەكارهێنانی هێزی سەربازی وەك ئامرازێك بۆ هێرش كردن ( Offensive Capability): لێرەدا مەبەستی بەكارهینانی هێزی سەربازییە بۆ فرەوانخوازی و داگیركاری و كۆنترۆڵ كردن. ئەوەی وای كردەوەی كە پەنابردن بۆ هێزی سەربازی وەك ئامرازی هێرش كردن و داگیركردنی خاكی وڵاتانی تر زیاتر كاریگەری و گرنگی هەبێت، ئەو سەركەوتنانەیە كە لە دەستەبەركردنی چەندین ئامانجی نەتەوەیی و نیشتمانی. هەروەها پەنا بردن بۆ ستراتیژیەتی سەربازی لە تێگەیشتنی دەوڵەتەوە دێت بۆ بەرگریكردن لە خۆی، هەرچەندە بەرپرسیارێتی و پێشێلكاری یاسای نێودەوڵەتی لێدەكەوێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت زۆر جار پەنا دەباتە بەر ئەو ئامرازە بۆ پاراستن و بەدیهێنانی ئامانجەكانی، لە كات و شوێن و هەل و مەرجی گونجاودا( شمال، 2018، ل. 107).

2- بەكارهێنانی هێزی سەربازی وەك هۆكارێك بۆ بەرگریكردن( Defensive War): كێنێت والتز پێی وایە نابێت دەوڵەتان هەوڵ بدەن بۆ گەیشتن بە بەرزترین ئاستی هێز، چونكە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە هێزی زۆر، دەشێت دەرئەنجامەكان پێچەوانە بكاتەوە، لەبەر ئەوە والتز بە پێویستی دەزانێت دەوڵەتان دەستبەرداری ئارەزووی گەڕان بن بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی هەژموون بەسەر ئەوانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تردا لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتدا، هەروەها پێی وایە دەبێت دەوڵەتان خەمیان تەنها پاراستنی پێگەی دەوڵەت بێ لەناو سیستەمی نێودەوڵەتیدا نەوەك هەوڵی سەپاندن و بەدیهێنانی هەژموون بێت بەسەر دەوڵەتانی تردا. ئەم بیرکردنەوەی والتز دەچێتە چوارچێوەی تیۆری ریالیزمی بەرگریکارانە( Defensive Realism)، بەشێك لە لایەنگرانی ئەم تیۆرە وای دەبینن کە دەوڵەتە زلهێزەکان زۆرجار پێچەوانەی رێرەوی ئەم تیۆرە رەفتار دەکەن و هەوڵ دەدەن هەژموونی خۆیان بەسەر وڵاتانی تردا بسەپێنن. لەبەر ئەوە پێیان وایە مایەی سەرسورمان نیە کە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا و یابان، بە هۆکاری هەنگاوی ناهۆشمەندانە کۆتاییان هات (دانی، کورکی، سمیس، 2019، ل. 213،217).

3- بەکارهێنانی هێزی سەربازی وەك ئامرازی رێگریکردن (ردع): رێگەگرتن بریتییە لەوەی کە دەوڵەت لە ئامادەباشی دابێت بۆ جەنگ بەڵام جەنگەکە روونەدات، یان پێشکەش کردنی بەڵگەیە بە دووژمن کە ئەگەر هێرش بکات ئەوا تۆڵەسەندنەوە زۆر مەترسیدار دەبێت و بەرپەرچدانەوە و سزادان هەیە، ئەگەر هەر هەوڵێك هەبێت بۆ پەلاماردان و هەڵگیرساندنی جەنگ. ئەوەی لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە کە پرەنسیپی رێگەگرتن ڕەهەندێکی سایکۆلۆژی لە خۆ دەگرێت لەبەر ئەوە لەم ستراتیژیەتەدا هەم هەرەشە هەیە هەم نیەتی پەلاماردان هەروەها دەبێت دەوڵەت ئەمە بسەلمێنێ لە لایەنی کردارییەوە کە ئەوەی پێدەکرێت زیان بە بەرامبەری بگەیەنێت ئەگەر هێرش بکات. هەروەها ئەم ستراتیژیەتە چەند فکتەریکی هەیە بۆ سەرکەوتن لەوانە: توانای تۆڵەسەندنەوە، ئیرادەی بەکارهێنانی هێز و توانای گەیاندنی گورزی کاریگەر (حسین، 2018، ل. 447،449).

## 3-1: فاکتەرە کارتێکەرەکانی پرۆسەی دارشتنی سیاسەتی دەرەوە:

وەك لەلایەن پسپۆران و لێکۆڵەرەوانی و زانایانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و زانستە سیاسیەکان روونە، فاکتەرە کارتێکەرەکانی سەر دارشتنی سیاسەتی دەرەوە زۆرن، بۆ نموونە: ئابووری،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جوگرافیا، سەربازی، راگەیاندن، سیستەمی سیاسی، ئایدیۆلۆژیا، دانیشتوان، بەها و بیروباوەرەکان و بوارە مێژوویی و کەلتورییەکان هەروەها رای گشتی و گرفتە ناوخۆییەکان. بەڵام ئێمە لەبەر سنوورداربوونی توێژینەوەکەمان و ئاڵۆز نەبوونی بابەتەکە تەنها تیشك دەخەینە سەر ئەو فاکتەرانەی کە پەیوەندی هەیە بەناونیشانی توێژینەوەکە، هەروەها ئەو فاکتەرانە هەڵدەبژێرین کە لە مەبەستی ئێمە نزیکە.

## 1-3-1: بەها و بیروباوەرەکان:

بەرهەمی کەلتوور و بەهاکانی ناو کۆمەڵگە، پەروەردە و کەلتووری سیاسی، بە سیاسی کردنی کۆمەڵگە، بەرهەمی کەلتووری و ئەزموونە تاکە کەسیەکان، کۆی ئەوانە پێوەرگەلێکن بۆ هەڵسەنگاندنی رەفتاری دروستکەرانی بڕیار لە سیاسەتی دەرەوەدا. بەهاکان هۆکاری ئاراستەکردنی مرۆڤەکانن بەرەو لایەنە بەرزەکانی مرۆڤ، سامان، متمانە و بەدەستهێنانی باڵاتر و باشتر. لە زۆربەی بوارەکاندا بەهاكان پێکهینەری هۆکار و پاساون بۆ وەرگرتن و دەرکردنی بڕیارەکان و دارشتن و دیاریکردنی ئامانجەکان لەلایەن دروستکەرانی بڕیار لە دەوڵەتدا. هەر لەبەر ئەمە دەوڵەتەکان هەندێك پرسی وەك سەربەخۆیی، متمانەی نەتەوەیی، گەشەی ئابووری و یەکێتی و ئاسایشی نەتەوەیی وەك بابەتە سەرەکیەکانی سیاسەتی دەرەوە دەستنیشان دەکەن (Holsti, 1967, p. 224-252). بەها و بیروباروەکان دەبێتە هۆی بەردەوامی لە پرۆسەی دارشتنی سیاسەتی دەرەوەدا بە جۆرێك ئەگەر ئاستی سیستەمی بیروباوەری کۆمەڵگە گشتگیرتر بێت، سیاسەتی دەرەوە سەقامگیری زۆرتری دەبێت، بەڵام کاتێك لە نێوان بۆچوونەکان و بیروباوەرەکانی سیاسەتدارێژەران و ئەو زانیاریانەی وەرگیراون ناکۆکی هەبێت، لەوانەیە دروستکەرانی بڕیار بە شێوازی جۆراوجۆر کاردانەوە نیشان بدات. بۆ نموونە: لەوانەیە پیداگری لەسەر بۆچوون و بیروباوەرەکانی خۆی بکات و هۆکار گەلێك بۆ بێ بایەخکردنی زانیارییەکان بێنێتەکایەوە و هەروەها رەنگە هاوسەنگی لە نێوان بۆچوون و بەهاکانی خۆی دروست بکات و دەتوانێت ئەم ناکۆکی و ناتەباییە لەبەر چاو نەگرێت. لێرەدا بیروباوهری هەر دەوڵەتێك لەم باریەوە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جێگەی بایەخە کە پلانێکی تارادەیەك روون لە کارکردنی سیستەمی نیودەوڵەتی و دۆخی دەوڵەتێك لە بەرامبەر دەولەتانی تر بەدەستەوە دەدات. لە هەمانکاتدا دەشتوانین بڵێین کە سیسەتەمی بیروباروەری زۆرجار لەمپەرێکی زۆر لە سەر پانتایی هەڵبژاردنی رێکارەکانی سیاسەتی دەرەوەدا ساز دەکات (قەوام، 2012 ، ل. 197).

## 1-3-2: رای گشتی و گرفتە ناوخۆییەکان

گومانی تێدا نیە ڕای گشتی ڕۆڵی گرنگی هەیە هەم لە بواری جێبەجێکردنی بنەماکانی دەستووری، هەم لە بواری وەزیفەی حوکمکردن لە ڕێگەی کاریگەری خستنە سەر هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتداران، بۆیە رای گشتی دەبێتە هۆی ئەنجامدانی گۆڕانکاری سیاسی لە دەوڵەتدا (عبدالله، رەشید، 2015، ل. 220). هەندێك جار، سیاسەت دارێژەران بەهۆی بوونی کۆمەڵێك کێشە و قەیرانی ناوخۆیی و هەروەها بەمەبەستی بە لارێدا بردنی رای گشتی، کۆمەڵێك سیاسەت پەسەند دەکەن، کە مەبەستیان گۆڕینی سەرنج و هەڵوێستی رای گشتیە لە کێشە ناوخۆییەکانەوە بۆ کێشە دەرەکیەکان. ئەم دۆخانە زۆر جار هەل و مەرجێك دەخولقێنێت کە دەوڵەتێك ناچار بکات بە هەڵوێستێکی تایبەت لە سیاسەتی دەرەوەدا و لە ئاکامدا بابەتەکە بەرەو ستراتیژیەت و سیاسەتێکی نوێ ئاراستە بکات ( قەوام،2012، ل. 204)

## 1-3-3: بوارە مێژوویی و کەلتووریەکان

فاکتەری شارستانی و کلتوری بەشێوەیەکی راستەوخۆ رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەدا، هەر دەوڵەتێک کەلتور و شارستانیەتێکی تایبەتی خۆی هەیە کە خاوەن بەهاو پرەنسیپی خۆیەتی، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی شارستانیەتێکی دێرینیان هەیە.

دروستکەری بریاری سیاسەتی دەرەوە ناتوانێ خۆی دابرێ لە ئەزموونە مێژووییەکانی پێشووی ووڵاتەکەی و کۆمەڵگەکەی، بەتایبەت لەو کۆمەڵگەیانەی قوڵاییەکی مێژوویی گەورەیان هەیە. بەڵام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم فاکتەرە کاریگەریەکی جێگری نییە، لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر دەگۆرێت و لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی تریش دەگۆرێت. هەروەها دروستکەری بریار ناتوانێ لایەنی کلتوری پشتگوێ بخات، بەڵکو دەبێت لەبەرچاوی بگرێت کاتێک هەندێ بریار لەبواری دەرەوەدا دەردەکات، هەروەها لە هەندێ هەلۆێستدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری پێکهاتە کەلتوریەکانی کۆمەڵگەکەی. (مشرف، 2014 ل.٥)

## بەشی دووەم: سیاسەتی دەرەوەی تورکیا

## 1.2.2 ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا

سیاسەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێك پەیوەستە بە بەدیهێنانی کۆمەڵێك ئامانج کە دیاری کراوە لەلایەن بریار دروستکرانی سیاسەتی دەرەوە، و سیاسەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێك پەیوەست دەبێ بە سیاسەتی ناوخۆی ئەو دەوڵەتە و ئەو کاریگەریانەی لە لە ژینگەی نێودەوڵەتی ئاراستەی دەکرێت. هەموو ئەوانە پاڵنەرێکن بۆ درووستکردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان هەروەها  تورکیا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە گرنگی داوە بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی و ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیاش بریتین لە: (حسناوي، 2016، ل. 13-17)

**1/ئامانجە سیاسیەکان:** مەبەست لە ئامانجە سیاسیەکان ئەو ئامانجانەیە کە دەوڵەت هەوڵی بەدیهێنانی دەدات لە رێگەی کاریگەری درووست کردن لە هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە دەوڵەتانی تر و لەگەڵ پەیوەندییەکانی نێوانیان لە رێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی دیبلۆماسی بەشێوەیەکی سەرەکی، و لە ڕوانگەی تورکەکانەوە جەخت لە پێوویست بوونی ئالیەتەکانی دیبلۆماسی دەکەنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە، و هەروەها ئامانجە سیاسیەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بریتین لە:

1-پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی: ئاسایشی نەتەوەیی پێگەیەکی مەرکەزی و سەرەکیە لە ستراتیژییەتی سیاسی و سەربازی دا، و بەرەیەکە لەسیاسەتی دەرەوەی  هەر دەوڵەتێك، ئەوەی پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، کاتێك کۆماری تورکیا دامەزرا لەسەر بنەمای (ئاشتی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نیشتمان و ئاشتی لە جیهان ) کە ئامانج لێی بەرقەراربوونی ئاسایش و ئەمنیەتی ناوچەکەیەتی و سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا پێکدێنێت.

2-یەکانگیری ناوخۆیی: کە ئەمەش ئامانجێکە لە ئامانجەکانی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی، و سیاسەتی دەرەوە بەردەوام دەبێ لە رێگەی زیادبوونی کارلێکە دەرەکیەکان بە ئامانجی پارێزگاری کردن لەسەر یەکێتی تورکیا لەلایەنی جوگرافی و لایەنی کۆمەڵایەتی، بۆ بەدیهێنانی یەکانگیری ناوخۆیی لەتورکیا پێویستی بە چاکسازی سیاسی و ئابووری هەیە، و فراوانکردنی گەشەپێدانی مرۆیی و رۆشنبیری، پێویستی بە هەماهەنگی هەرێمی هەیە بۆ کێشەکان.

3/ زیندووکردنەوەی ڕۆڵی هەرێمی: یەکێك لە گرنگترین ئامانج لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بریتیە لە ڕۆڵی تورکیا وەك دەوڵەتێکی نموونەیی بۆ بنیادنانی سیاسی، بەتایبەت کە دەکەوێتە ناوچەی ناوەڕاست لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، و سیاسەتی تورکیا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەوڵەتێکی دیموکراتیە، کە وەك پەیامێك ئاراستەی هەریەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسیای ناوەڕاست و باشووری قەوقاز دەکات، هەروەها ئامانجی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بریتیە لە دروستکردنی بارودۆخێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی کە ئاشتی و سەقامگیری تێدا بەرقەرار بیت بۆ وڵاتی تورکیا.

**2/ئامانجە سەربازییەکان:** لە ڕوانگەی تورکیاوە ئاسایش لەسەر بنەمای کارلێك و هاوپەیمانی سیاسی و ستراتیژی درووست دەبێ، کە گەرەنتیەك بۆ دەستەبەردەکرێ بەرامبەر هەر هەرەشەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی، هەرلە تێڕوانینی تورکەکانەوە کە پێیان وایە تورکیا پێگەیەکی جیۆستراتیژی گرنگی هەیە لەرووی ئەمنیەوە، هەروەها دامەزراوەی سەربازی تورکیا یەکێکە لە هیزە گەورەکانی جیهان بە شێوەیەك کە دووەم هێزی کاریگەرە لە هاوپەیمانی ناتۆ.

ڕۆڵی تورکیا لەناوچەکە وەك دەوڵەتێکی میحوەری و مەرکەزی، کاریگەرێکی هەرێمی و نێودەوڵەتیە، کە سیاسەتەکانی ئەرێنی بەخۆیەوە بینیوە لە بەرامبەر بە دەوڵەتانی جیهانی عەرەبی ئەویش لەرێگەی کرانەوە و هەماهەنگی بازرگانی بەتایبەت لەگەڵ میسر و ئوردن و لوبنان و سوریا و فەڵەستین و لەگەل

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەندێك دەوڵەتی تری عەرەبی، هەروەها توركیا لە بواری ئابووری دا توانی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی تر بەهێزبكات بەشێوەیەك هەڵسا بە مۆركردنی رێكەوتنامەی بازرگانی ئازاد لەنێوان توركیا و وڵاتانی (میسر و ئوردن و مەغریب و فەلەستین و سوریا وتونس)، و مۆركردنی رێكەوتنامەی هاندانی سەرمایەدار ئاڵوگۆری نێوان هەریەكە لە نێوان توركیا و میسر و ئوردن و فەڵەستین و كوێت و شانشینی عەرەبستانی سعودی و جەزائیر، بەشێوەیك ئاڵوگۆری بازرگانی و ئابووری بەرەوە پیش چوو. (السعید، ل. 477)

## 2.1.2 بنەماو پرەنسیپەكانی سیاسەتی دەرەوەی توركیا

ئەو بنەما و پرەنسیپانەی كە توركیا لەسیاسەتی دەرەوەی دا پەیرەو دەكات ئەمانەن (حسین، ل. 477، 478)

1/چەمكی خود دیدگایی: بەپێی ئەو چەمكە بێت دەبێت سیاسەتی دەرەكی توركیا ڕەهەندەكانی بەشێوەیەك دابرێژێت ،كەبەرجەستە و گوزارشت بكات لە شرۆڤەی بەردەوام بوونی شارستانی و گۆڕانكارییەكانی بونیادنانی سیاسەتی دەرەكی لەسەر بنەمای قووڵایی مێژوویی و شارستانی دەوڵەتی توركیا.

2/قووڵایی ستراتیژی، ئەم بنەمایە یەكەم جار وەزیری دەرەوەی توركیا ئەحمەد داوود ئۆغلۆ(ووروژاندنی و خستیەڕوو، كە گوزارشت لە بونیادی سیاسەتی دەرەكی دەكات لەسەر بنەماو ڕەهەندی جیۆپۆلیتیكی، هەڵكشانی شارستانی و رۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و ئابووری و، مێژوویی توركیا لە ژینگەی دەوروبەری جوگرافی، ئەمەش وادەكات توركیا بچێتە بازنەی كارتێكردن لەسەر لایەنەكانی دەوروبەر و ناوچەیی و نێودەوڵەتیش.

3/ناوەندێتی ڕۆڵی ناوچەیی و نێودەوڵەتی: لەم چەمك و بنەمایە دوو رەگەز و توخمان دەست دەكەوێت :

ا-چەمكی پردی پەیوەندی و گرێدانی ڕۆژهەڵات و بە ڕۆژئاوا لەڕووی جوگرافیا و رۆشنبیری و شارستانی دیبلۆماسی و سیاسی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب-ڕۆڵی توركیا: ڕۆڵێكی بونیادنەرو جەوهەری بێت لە پرسی دووبارە بەرهەمهێنانی چەمكەكانی هاوسەنگی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی.
4/ئاراستەی ڕۆژهەڵاتی: توركیا لە دوای ساڵی 2002، ئەم ئاراستەیەی كردۆتە بنەما بۆ ڕێرەوە و ئەجێندای سیاسەتی دەرەكی، چالاككردنی پەیوەندییەكانی توركیا لەگەڵ وولاتانی عەرەبی و وولاتانی دراوسێی توركیا.
5/هێزی نەرم: توركیا هەولی داوە هێزی نەرم بكاتە بنەما بۆ ئاراستەكردنی سیاسەتی دەرەكی خۆی، بەپشت بەستن بە رەگەزەكانی دیبلۆماسی و رۆشنبیری و هاوكاری و یارمەتیدانی زانستی و ئابووری، بۆ ئەوەی ڕۆڵێكی هاوكاری هەرێمایەتی لە ژینگەی دەوروبەریدا بگێرێت.
6/دیبلۆماسی فرە ڕەهەند: دەوڵەتی توركیا مەبەستی بوو پەیڕەوی دیبلۆماسی فرە رەهەند بكات لە هەردوو ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی.
به شێوەیەكی گشتی سیاسەتی دەرەوەی توركیا جەخت لەسەر پێنج بنەمای سەرەكی دەكاتەوە، لەوانە:

**یەكەم**: رێكخستنەوەی پەیوەندی نێوان ئازادی و ئاسایش: لەكاتێكدا یاریزانە جیهانیەكان لەپێشەوەیان ئەمریكا خەریكی ئیعتباراتە ئەمنیەكان بوو پاش 11 سیپتەمبەر، توركیا لەو كاتە نمونەیەكی پێشكەش كرد بۆ چاكسازی سیاسی، بێ ئەوەی هەرەش ەبكاتە سەر ئاسایشەكەی.

**دووەم**: هەوڵدان بۆ چارەسەركردنی كێشە هەڵواسراوەكانی لەگەڵ دراوسێكانی ئەوەی پێی دەگوترێت "سفركردنەوەی كێشەكان". پاشان دەرچوونی توركیا لەو وێنەیەی كەخاوەنی چەندین كێشەیە بۆ وولاتێك كە پەیوەندی باشی هەیە لەگەڵ هەمووان. ئەوە توانایەكی بێوێنە دەداتە سیاسەتی دەرەوەی بۆ مناوەرە.

**سێیەم**: گرتنەبەری سیاسەتێكی فرە رەهەند و فرە رێگا، لەو بارودۆخە نێودەوڵەتیە پر جوڵەدا ئێستا ناتوانرێ سیاسەتێكی تاك رەهەندی بگریتە بەر. لەبری ئەوەی توركیا ببێتە سەرچاوەی كێشە لەنێوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(رۆژهەڵات/رۆژئاوا) و (باکور/باشور) و (ئاسیا/ئەوروپا) و (رۆژئاوا/ ئیسلام) بووەتە سەرچاوەی چارەسەرکردنی کێشەکان. ووڵاتێکە خاوەنی چەندین دەستپێشخەریە لە بۆچارەسەری کێشەکان.

**چوارەم**: گەشەپێدانی شێوازی دیبلۆماسی و دووبارە پێناسەکردنەوەی رۆڵێ تورکیا لە گۆرەپانی نێودەوڵەتیدا، پێشتر وا پێناسەی تورکیا دەکرا بە "ووڵاتی پرد" ەکە ناسرابوو، لە قۆناغی نوێ لەبری ئەوە تورکیا هەوڵ دەدات ببێتە ووڵاتێکی مەرکەزی.

**پێنجەم**: گواستنەوە لە سیاسەتی بەستو بۆ جولەی بەردەوام و پەیوەندی دروست کردن لەگەڵ زۆربەی ووڵاتە گرنگەکانی جیهان.

بۆ بەرجەستە کردنی ئەو بنامە گرنگانە تورکیا ئەرکی ئاسان نابێت، هەروەها بۆ جێبەجێکردن و بەدەستهێنانی هێزی نەرم، تورکیا چەند رێوشوێنێکی لەو کاتەوە گرتۆتە بەر گرنگترینیان:

1- نێوانگیری لەنێوان فەلەستینیەکان و ئیسرائیل. 2- نێوانگیری لە قەیرانی لوبنانی. 3- نێوانگیری لەنێوان سوری او ئیسرائیل لە 2008. 4- دەستتێوەردانی لە کاروباری عێراق بۆئەوەی پێکهاتەی سونە پەراوێزنەخرێن. 5- هەوڵدان بۆ نزیك کردنەوەی لایەنە پاکستانیەکان لەیەکتر بەتایبەت دوای گەرانەوەی بۆتۆ بۆ ووڵاتەکەی. 6- هەوڵەکانی بۆ نێوانگیری لەنێوان پاکستان و ئەفغانستان لەکۆتایی ساڵی 2008. 7- کەمکردنەوەی دڵەراوکێ لە قەوقاز بەتایبەت دوای ململانێی عەسکەری نێوان جۆرجیا و روسا. 8 قبوڵکردنی پلانی ئەمنی کە کۆفی عەنان داینابوو بۆ چارەسەر کردنی کێشەی قوبرس. 9- کرانەوەی پەیوەندی لەگەڵ یۆنان.

بەڵام دوای گۆرینی سیستەمی سیاسی لە رێگەی هەمواری دەستوریەوە، ئامانج و بنەما و پرەنسیپەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا گۆرانکاری بەسەردا هاتووە لەژێر کاریگەری کەسایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەردۆگان کە خەون و ئامانجی دیکەی بۆ تورکیا هێناوەتە پێشەوە کە ئەمەش کاریگەری دروست کردووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا.

## 3.1.2 - کاریگەری پێگەی تورکیا لەسەر سیاسەتی دەرەوەی

### 1.3.1.2 پێگەی تورکیا لە دەرەوە

سەرەرای ئەوەی شوێنی تورکیا وای لێکردووە لە رووی جیهانیەوە چاوێکی زۆری لەسەر بێت، گرنگی شوێنی تورکیا لە چەند خاڵێکدا دەردەکەوێ: (فولەر، ئۆلیسەر، هێنری، براون، 2006)

1. تورکیا کەوتۆتە نێوان چەند کیشوەرێکی گەورە، بەخاڵی بەیەك بەستنەوەیان دادەنرێت.
2. کەوتۆتە دڵی بواری جوگرافی کە پێی دەگوترێت "ئۆراسیا" کە ناوچەیەکی ناوەراستیە تەحەکوم دەکات بەسەر دڵی جیهانەوە. کە بەپێی تیۆریە جیۆسیاسیەکەی هالفۆرد ماکندر ئەوە وای لێدەکات ئامادەبێت بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتێکی میحوەری و یەکلاکەرەوە لەبواری جیۆسیاسیدا.
3. دەوڵەتێیکی کیشوەریی و دەریارییە لەهەمان کات، کە ئەمە فاکتەرێکی پاڵپشتە بۆ مەبەستەکانی.
4. لە سێی لایەوە ئاو دەوری داوە، دەریای رەش لە باکور و دەریای ئیجە لە رۆژئاوا و دەریای ناوەراست لە باشوری. هەروەها دوو دەروازەی ئاوی گرنگی لەژێر دەستە، دەروازەی بۆسفۆر لە باکور بەدرێژایی 30کم. وە دەروازەی دردەنیل لەباشوری رۆژاوای تورکیا بە درێژایی 60کم .
5. لەرووی ووزەوە تورکیا پێگەیەکی جیۆپۆلیتیکی گرنگی هەیە.

تورکیا نمونەیەکی سیاسی وەها پێشکەشکردووە کە رەغبەتی ووڵاتانی ناوچەکەی لەسەرە بۆیە تورکیا دەتوانێ بەئاسانی کار لەسەر گۆرانکاریە نێوخۆییەکانی ئەو ووڵاتانە بکات و هەژموونی خۆی بەسەریان بسەپێنێ بێ ئەوەی دووچاری کێشە یان هەر بەریەکەوتنێکی دیکە ببێتەوە. دەتوانین بڵێین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نهێنی گۆڕانکاری سیستەمی سیاسی تورکی بۆ ئامرازێك لە ئامرازەکانی "هێزی نەرم" لەسەر ئاستی هەرێمی خۆی دەبینێتەوە لە: ( داود اوغلو، 2010)

1. وەك نمونەیەك بۆ ئیسلامیەکان دەردەکەوێ بۆ زانینی ئەوەی چۆن لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆیی مامەڵە بکەن لەمیانەی نەهجێکی واقعی و براگماتی و میانرەو.
2. وەك نمونەیەك دیموکراتی ئیسلامی میانرەو دەردەکەوێت کە ئەمریکا بەدوای دەگەرێت بۆ ئەوەی بیگشتێنی بەسەر ناوچەکە.
3. وەك نمونەیەکی توانای ناسنامەی ئیسلامی دەردەکەوێت بۆ گونجاندنی بەها سەرەکیەکان لە کۆمەڵگە، وەك ئازادی و حوکمی یاسا و دادپەروەری و چاکسازی و شەفافیەت.

## 2.3.1.2 بۆچی تورکیا نەیتوانیوە ببێتە ژمارە یەك لەناوچەکە؟

ئێمە پێشتر باسمان لەوە کرد کە پێگە و گرنگی تورکیا لە چیدایە، بەڵام بۆچی نەیتوانیوە ببێتە هێزی ژمارە یەك لەناوچەکە، ئەوەی ئەو پرسیارە کە بیرمەندانی ئەو وولاتە و ئەوانەی تویژینەوە لەسەر ئەو وولاتە دەکەن سەرقاڵ کردووە. دەکرێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کەمێك بگەرێنەوە دواوە بۆ ئەوەی لە وەڵامی پرسیارەکە کەمێك ووردتربین. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و نەمانی یەکێتی سۆڤیەت تورکیا دەرفەتێکی زۆر باشی هاتە بەردەم بۆ ئەوەی هەژموونی جارانی خۆی بۆ بگەرێتەوە و ناوچەکانی دەسەڵاتداری فراوان بکات، بەڵام تورکیا لە گێرانی ئەو رۆڵە سەرکەوتوو نەبوو بەهۆی چەند هۆکارێك، لەمانە (غانم، 2009)

1. لاوازی لە هاوسەنگی هێز بەراورد بە هێزی وولاتانی وەك رووسیا و ئەمریکا و وولاتە ئەوروپیەکان.
2. نەبوونی پاڵنەری نێوخۆیی بۆ سەرکردایەتی کردنی ناوچەکە و چۆنیەتی پاراستنی خودی وڵاتی تورکیا، ئەمیش بەهۆی نکۆڵی کردن لە پێکهاتە جیاوازەکان لەنێوخۆیدا بەتایبەتی کورد.

3. نەبوونی توانای ئەوەی فاکتەرە نێوخۆییەکان بەکاربێنی پاڵپشت بەو پێگە جیوسیاسی و جیۆستراتیژیەی هەیبوو، بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە هێزێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

ئەگەر سەیری ئەو هۆکارانە بکەین دەبینین دروست کردنی کێشە لەگەڵ کوردەکان بۆتە یەکێك لەو فاکتەرانەی تورکیا نەتوانێ لەماوەی جەنگی سارد و تەنانەت دوای ئەو جەنگەش کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیە بکات کە پێی دەگوترێت "رۆژهەڵاتی ناوەراست" سەرەرای ئەوەی خۆی بە میراتگری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەزانی.

لەسەر ئاستی جیهانیش، هەندێك هەوڵ دەدەن لە گرنگی تورکیا کەم بکەنەوە بەوەی بە وولاتێکی "هامشی" واتە پەراوێزی وەسفی دەکەن، بۆ نمونە (مایکل شیفەر) بەرپرسی شیکردنەوەی سیاسی لە دامەزراوەی ستانلی، (جۆرج فریدمان) نوسەری پەرتوکی (100 ساڵی داهاتوو) لە دامەزراوەی ستراتفورد، هەروەها هیلاری کلینتۆن، ئەمانە تورکیا بەپەراوێزی هێزە ناوچەیی و هەرێمیەکان لە قەلەم دەدەن. (حبیب، 2009)

## 2.2 فاکتەرە کاریگەرەکان لە پێکهێنانی ناسنامەی کلتوری و سیاسی دەرەوەی دەوڵەت:

1.2.2 گرنگترین ئەو فاکتەرە سەرەکیانەی کاریگەریان هەیە لەسەر پێکهێنانی ناسنامەی کلتوری و سیاسی تورکیا بریتین لە :

یەکەم: جوگرافیا و تایبەتمەندیەکانی جیۆسیاسی و جیۆکلتوری: فاکتەری جوگرافی رەگەزێکی گرنگە لە پێکهێنانی ناسنامەی کلتوری و سیاسی هەر دەوڵەتێك، ناسنامە بۆ هەر وولاتێك بریتیە لە بەستنەوە شتە جێگرەکان کە دەچنە ناو هاوکێشەی هێزەوە، ئەوانیش: جوگرافیا، مێژوو، دانیشتوان وە کلتور. ئەو وولاتەی بتوانێ بەشێوەیەکی باش ئەو تایبەتمەندیە جوگرافیانەی بەکاربێنێ، بێگوومان کاریگەری باشی بۆ دەردەکەوێ لەو یەکگرتنەی نێوان رەگەزەکان. وە هەر وولاتێکیش نەتوانێ ئەو یەکگرتنە

لەنێوان تایبەتمەندیە جوگرافی و جیۆسیاسیەکەی دروست بکات بێگومان دوچاری قەیرانی ناسنامە دەبێتەوە لەسەر ئاستی نێوخۆیی دەرەکی. (داود اغلو، 2010، ل . 17-24)

تورکیا بەپێی ئەو هەڵکەوتە جوگرافیەی هەیەتی خاوەنی پێگەیەکی باشی جوگرفی و جیۆسیاسیە. لەیەك کاتدا دەوڵەتێکی ئاسیایی و ئەورووپیشە. تورکیا کەوتۆتە سەر سنوری جیابوونەوەی جیهانی ئیسلامی و مەسیحی. ئەو شوێنە جوگرافیەی تورکیای لێیە خاڵی بەریەککەوتنی چەندین ناسنامەی کلتورییە، کلتوری ئەوروپی لە رۆژئاوا، کلتوری روسی لە باکور، کلتوری ئاسیایی لە رۆژهەڵات، وە کلتوری کوردی و عەرەبی لە باشور. بۆیە ئەو فاکتەر جوگرافیە رۆڵی هەبووە لە تەشکیل کردنی ناسنانەی کلتوری و سیاسی تورکیا لەرێگەی کارلێکی سیاسی و کلتوری ئەو شارستانیەتانە لەسەر ئەو خاکە بەدرێژایی مێژوو. (فولەر، ئۆلیسەر، هێنري، براون، 2006، ل. 142).

دووەم: میراتی مێژوویی: گرنگترین فاکتەری مێژووی کە کلتوری سیاسی لە تورکیا لەکۆمەڵگەکانی دیکە جیادەکاتەوە بریتیە لەوە ئەو دەوڵەتە پێشتر سەنتەری شارستانی ئیسلامی بووە و سیستەمێکی سیاسی دامەزراندوە کەخۆیی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەبینێتەوە. ئەو شارستانیەتە لەسەر بنەمای چەندین رەگەزی کلتوری جۆراوجۆر دامەرزاوە لەپێش هەموویان ئیسلام و کلتوری ئاسیایی تورکەکان. (فولەر، ئۆلیسەر، هێنري، براون، 2006، ل. 142).

دەوڵەتی نوێی تورکیا کاریگەر بوو بەو لایەنە نەتەوەیی و سێکۆلارەی کە لە سەردەمی رێنیسانسی ئەوروپا سەریهەڵدا. ئەو گۆرانکاریە ریشەییەی لەو دەوڵەتە روویدا کە ئیمپراتۆیەتی عوسمانی کردە دەوڵەتی تورکیای سەربەخۆ کە لەسەر شێوەی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئەوروپا دامەزرا، ئەو گۆرانکاریە کلتوری و سیاسیە بەشداری کرد لە پێکهێنانی ناسنامەیەکی نوێ بۆ کۆمەڵگەی تورکی کە مەیلی زیاتری بۆ رۆژئاوایە. (داود اغلو، مصدر السابق، ص79-83) ئۆغلۆ بەو گۆرانکاریەی دەوڵەتی تورکیای نوێی لێ دروست بوو دەڵێت "شکانەوەی مێژوویی" کەهیچ کۆمەڵگەیەکی دیکە توشی نەبووە، کە بووە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هۆکاری قەیرانی نێوان سیستەمی سیاسیە نوێیەکە لەگەڵ ناسنامەی کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی. (داود ئۆغلۆ، سەرچاوەی پێشوو. ل 83)

سێیەم: بنەما نەتەوەیی و سکیۆلاریەکان و پەیوەندی دین بە دەوڵەت: وا سەیری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکرا کە کیانێکی ئیسلامیە و رووبەرووی رۆژئاوای مەسیحی دەبێتەوە، ئەو تێگەیشتنە تا رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیا مایەوە. (فولەر، ئۆلیسەر، هێنري، براون، 2006، ل. 25، 28) ، بەڵام ئەو گۆرانە ریشەییەی لە پەیوەندە نێوان دین و دەوڵەت لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی بۆ سەردەمی دەوڵەتی تورکیا ، چەندین فاکتەری سیاسی و کەلتوری تیدا بەشدار بوون. گرنگترینیان ئەو نوخبە سیاسیەی کە پەروەردەی رۆژئاوابوون و داوای جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەتیان دەکرد. مستەفا کەمال ئەتاتورك دەرکەوت وەك سەرکردەیەکی سەربازی و سەرۆکی براوە جەنگی سەربەخۆیی تورکیا، دەوڵەتی نوێی تورکیا دوو مەنهەجی نوێی وەرگرت. یەکەمیان سکیولاریزمی توندرەو، دووەمیان نەتەوەیی تورکی. لەسەر دەستی ئەو پەیمانی خەلافەت نەماو عەلمانیەت بووە مەنهەجی دەوڵەتی تورکیا بەشێوەیەکی فەرمی. تورکیا لەو کاتەوە لەهەوڵیداماڵینی کەلتوری ئیسلامیە لە کۆمەڵگەی تورکی. (غەفور، 2012، ل. 9)

چوارەم: ناسنامەی نیشتمانی و کەمینە عرقی و ئاینیەکان: چەمکی نیشتمان لە ئەدەبیاتی زانستی سیاسی و زانستی کۆمەڵناسی لەقۆناغی پێکهێنانی کۆمەڵگە نوێیەکان دروست بوو لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە. نەتەوەی تورکی رەگەزی سەرەکی بوو لە پێکهێنانی کۆماری تورکیا، سەرەرای فرەکلتوری کە کۆمەڵگەی تورکی وەك میراتێك بۆی مابوویەوە، بەڵام دەوڵەتی تورکی هەموو ئەو فاکتەرانەی سریەوەو لەجێگای ئەوە تەبەنی نمونەیەکی نەتەوەیی تورکی و سیکۆلار کرد. (ثلجي، 2009، ل. 8) ئەوەش بووە سەرچاوەی سەرەکی قەیرانی ناسنامەی عرقی و دینی کە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە هەیە تاوەکو ئێستاش. جگە لە تورك ئەو پێکهاتانەش لە تورکیا دەژین:

کورد، قەوقازیەکان، لاز، غەجەر، عەرەب، بوشناق، بلغار، ئەلبان، ئەرمەنی، سریانی، یەهودی، رومە ئەرسۆدۆکسیەکان، یەزیدیەکان. (فولەر، ئۆلیسەر، هێنري، براون، 2006، ل. 42، 43).

## 2.2.2 کێشەی کورد لە تورکیا

ئەو گۆرانکاریانەی دەوڵەتی عوسمانی پێیدا تێپەری لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم (کە دەوڵەتی تورکیای لێ دروست بوو) بە گرنگترین فاکتەر دادەنرێت لە پێکهێنانی ناسنامەی هاوچەرخی تورکی. (المنير، ل. 146) لە تورکیادا لەسەر ئاستی ناوخۆیی چەندین داواکاری و ململانێ دەرکەوتن پەیوەست بە ناسنامەی ئاینی و رەگەزی، بەرامبەر ئەو پاڵەپەستۆیانەی داوایان دەکرد ئەو ناسنامانە لە بونیادنانی دەوڵەت دەربکەوێ، دەوڵەت سروشتێکی پارێزگارو توندی گرتەبەر. جەختیان لەسەر لایەنی نەتەوەیی و سکیۆلاری توندرەو دەکردەوە لە روبەروبونەوەی ئەو بزوتنەوە کلتوری و سیاسیانەی داوای گۆرانکاریان دەکرد. (فوکویاما، 1992)

ساموئێل هانتینگتون وای دەبینێ تورکیا لە هەر وولاتێکی دیکە زیاتر لە حالەتی قەیرانی ناسنامەدا دەژی، تەنانەت بە تورکیا دەڵێ "دەوڵەتی لێکهەڵوەشاوە" (the torn countries) کە سەرکردەکانی دەیانەوێ ببێتە بەشێك لە رۆژئاوا لەکاتێکدا مێژوو و کلتورو تەقالیدی تورکی رۆژئاوایی نییە. (هنتجتون ، 1999)، بەڵام وەزیری دەرەوەی تورکیا (ئەحمەد داود ئۆغلۆ) کە لە تورکیا بەبیرمەندێك ناسراوە لە پەرتوکەکەی خۆی "قولایی ستراتیژی" باسی لە مەترسیەکانی ئەو قەیرانی ناسنامەیە دەکات کە کۆمەڵگای تورکی پێیدا تێدەپەرێ، کە دەیشوبهێنی بە کەسێك دووچاری نەخۆشی شیزۆفینیا بووە، ئەوانەی ئەو نەخۆشیە دەروونیە دەگرن بیرۆکە و خەیاڵێکیان دەبێ کە لەگەڵ ئەو واقعە ناگونجی کەتێیدا دەژی.

شوێنی ئاماژە پێدانە کە ئیسماعیل بیشکچی دەڵێ کێشەی کورد لە تورکیا کێشەی کەمینەیەك نیە کە لە شوێنێکی دیکەوە هاتبن و لەو خاکە نیشتەجێ بووبن، بەڵکو ئەوان خۆیان خاوەنی خاکەکەن و مال و سامانیان داگیرکراوە. تەنانەت بێشکچی ئاماژە بەوە دەکات کە کوردستان موستعمەرەیەکی

نێودەوڵەتیە. (بیشکجی ، 1998)، بەڵام لێرە پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لە تورکیا نویّ وەك کەمینەیەك لە کیشەی کوردیان روانیوە. پوختەی سیاسەتی چەندین ساڵەی تورکیا لە بەرامبەر کوردەکان دەکریّ لە فیکری نەتەوەپەرستێکی وەك بوڵنت ئەجەویت دا بدۆزینەوە. کاتێك ئاماژە بەوە دەکات کورد نەتەوەیەکی جیانین لە تورك بەڵکو ئەوان بەشێکن لە نەتەوەی تورك، بۆیە ئەگەر هەولّێك بدەن بۆ ئەو جیکاریە ئەوا بە ئینفصالی لەقەلەم دەدرێن و پێویستە رێیان لیّ بگیریّ، بەوپێیەی ئەوە پێچەوانەی ئەو بنەمایانەی کە ئومەتی تورکی لەسەر دامەزراوە. (غەفور، 2012)

سەرەرای ئەو دەنگە شۆڤینیەی تورکیا، هەندیّ نوسەری تورکی ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەگەر تورکیا بیەویّ لەسەر رێگایەکی دیموکراتی حوکمی ئەو وولاتە بکریّ دەبیّ دەست بەرداری نکۆڵی کردن بێت لە کوردەکان و لەپاڵ ئەوەشدا دان بنیّ بە کەمینەکانی تریش، چونکە ئەوە یەکێکە لەپایە سەرەکیەکانی حوکمی دیموکراتی. لەبەرئەوەی دیموکراتیەت بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ رەگەزپەرستی یەك ناگرێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە بێشکچی دەڵیّ پرسی کورد پرسی کەمینەیەك نییە، جەوهەری پرسی کوردی خۆی لەناو ئەو راستیەدا حەشارداوە کە کورد نەتەوەیەکن و وولاتەکەیان کوردستانە و خاکەکەیان داگیرکراوەو دابەش کراوەتە سەر ئەو وولاتە ئیمپرالیەکان و رۆڵەکانیان لەو ناوچەیە، مافی نەتەوەی کوردیان دزیوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی دیکە. (رضوان، 2006).

## بەشی سێیەم: ئۆپراسیۆنی "کانی ئاشتی"

لە ســاڵی 2016دا تورکیا بە پاســاوی جیا جیا و لەرێگای دەســتێوەردانی ســەربازی ڕاســتەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هاوشێوەی پیشتوانی گروپە تیرۆرستەکان و ئۆپۆزسیۆنی توندڕەوی سووریا، ڕۆژئاوای کوردستانی کردووتە ئامانج لەوانەش ئۆپراسیۆنی (قەڵغانی فورات) و ئۆپراسیۆنی(چڵەی زەیتوون) و ئۆپراســیۆنی (کانی ئاشــتی) (عەبدوڵا، 2019، ل. 8)،کە لە ســەرەتای ئۆکتۆبەری 2019 بۆ ســەر ناوچە ســنوورییەکانی ڕۆژئاوای کوردســتان دەســتپێکردووە، ئامانجی تورکیا لەم ئۆپراســیۆنە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامە بە درێژایی سنوورەکانی سووریا-تورکیا بە قووڵایی 30 کیلۆمەتر (ماڵپەری فەرمی حکومەتی تورکیا).

## 1.3. پاڵنەری نەتەوەیی و دەستتێوەردانی تورکیا لە کاروباری سوریا

دوای ئەوەی دۆخی سوریا بەرەو قۆناغی ناسەقامگیرتر چوو، تورکیا چیتر نەیتوانی لە دوورەوە سەیری بارودۆخی سوریا بکات بەبێ ئەوەی دەستێوەردان بکات (محمد ، حسین ، عبدالمجید ، 2020، ل. 43،71) بۆیە پاڵنەری سەرەکی تورکیا لە گۆڕانی هەڵوێستە پێکهاتە نەتەوەیی و رەگەزیەکەی سوریا بوو، کە چەندین خاڵی هاوبەشی هەبوو لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەییەکەی تورکیا. (العامري، 2015، ل. 136) بەتایبەت کە پرسی سوریا کاریگەری زۆری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا هەیە بەهۆی بوونی کورد و عەلەویەکان لە هاوکێشەکە، کە هەوڵدەدرا هەر یەکێك لەم دوو پێکهاتەیە ببنە بەشێك لە پرۆژەی فیدراڵیزمی سوریا. (البرصان ، 2015، ل. 36) پاڵنەری سەرەکی تورکیا لەم کارەدا پەیوەست بوو بە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بە تایبەت بوونی کورد لە پرسەکەدا. ( عدلي، 2015، ل. 115).

تورکیا میوانداری چەندی کۆنگرەی نێودەوڵەتی کرد سەبارەت بە ئایندەی پرسی سوریا، بەڵام تورکیا لە هەموو کۆنگرە نێودەوڵەتیەکاندا پێکهاتەی کوردی بانگهێشت نەدەکرد و رێگر بوو. بە تایبەت کە پێکهاتەی کوردی لە سوریا داوای جێگیرکردنی سیستەمی فیدراڵیان دەکرد لە قۆناغی دوای ئەسەد، بەڵام تورکیا لەم کۆنگرانەش کە پەیوەست بوو سیستەمی سیاسی دوای ئەسەد، هەر کوردی بێبەش دەکرد لە ساڵی 2011. (محمد، 2020، ل. 63) تورکیا هەستی بە مەترسی زۆر کرد لەو سەرکەوتنانەی کورد لە سوریا بەسەر داعشدا تۆماری کردبوو، بە تایبەت لەو ناوچانەی دەکەونە سەر سنوری نێوان تورکیا و سوریا. (عبدالمسیح، 2015، ل. 27) بۆ رێگەگرتن لە فراوانبوونی زیاتری کیانە کوردیەکانی سوریا، (رەجەب تەیب ئەردۆگان) بە ئاشکرا ووتی بە هیچ شێوەیەك رێگە نادەین بە دروست بوونی کیانی کوردی لە سوریا. (عبدالکریم، ل. 261)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم دیدگا نەتەوەییەی تورکیا بۆ پرسی سوریا وای کردووە جیاوازی نەکات لەنێوان کوردانی سوریا و کوردانی تورکیا، بۆیە لەدیدگای دەوڵەتی تورکیا هیچ جیاوازیەك نییە لەنێوان پەکەکە و پەیەدە. (مركز الجزيرة للدراسات، ، 2016، ل. 4،5) هەروەك چۆن پەکەکە هاوتا دەکات لەگەڵ رێکخراوی تیرۆرستی داعش و لەیەك روانگەوە سەیریان دەکات. (ماركو ، 2015، ل. 95) بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی تورکیا داوای رەزامەندی پەرلەمانی تورکیا کرد بۆئەوەی لە رووی یاساییەوە رییگایان بدەن بەدەستێوەردانی سەربازی لە کاروباری سوریا (عبدالكريم، سەرچاوەی پێشوو، ل 143) بۆ کۆتایی هێنان بە مەترسیەکانی پرسی سوریا لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، تورکیا لە ساڵی ٢٠١٦ بۆ یەکەمین جار دەستوەردانی سەربازی کرد لە کاروباری سوریا. (العزاوي، 2019، ل. 106). ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان بۆرێگرتنە لە دروستبوونی سیستەمی فیدرالی لەدەستوری سوریاو کاریگەری خستنە سەر کوردانی باکوری کوردستانیشە.

یەکەم ئۆپەراسیۆنی سەربازی سوپای تورکیا لە خاکی سوریا، بە تایبەت لە ناوچە کوردنشینەکان دەستی پێکرد، بە تایبەت لە باکوری سوریا، ئەم ئۆپەراسیۆنە لە 24ی ئابی 2016 بوو لە ژێر ناوی (قەلغانی فورات)، کە ئامانجی سەرەکی تورکیا لەم ئۆپەراسیۆنە دورخستنەوەی هێزەکانی پەیەدە و داعش بوو لە سنورەکانی خۆی. (مرزوق، 2018، ص، 20) لەرووی جیۆپۆلیتیکیەوە تورکیا دەیەوێت ناوچە کوردیەکانی سوریا لە ناوچە کوردیەکان تورکیا دابرێنێت و هێڵی ستراتیژی نێوانیان بچرێنێت، هەروەها لەناو خودی خاکی سوریاش ناوچە کوردیەکان لەیەك دابرێت بە تایبەت لە عەفرین. (المركز الخليج العربي، 2018، ص 151) تورکیا لەم هەنگاوانەی دەرەوەیدا بەرامبەر کورد لە سوریا چەند هەنگاوێکی یەك لە دوای یەکی هاویشت، کە پاڵنەری سەرەکی هەر یەکێك لەم هانگاوانەش کارتێکەرە نەتەوەییەکان بوو:

1/ لەکۆتایی ئازاری 2017 تورکیا کۆتایی هێنان بە ئۆپەراسیۆنی قەلغانی فوراتی راگەیاند، بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکە ئامانجە ستراتیژیەکانی خۆی پێکاوە، هەروەها جاری

ئەوەشیاندا کە تورکیا دەستی کراوە دەبێت بۆ ئەوەی لە داهاتوو ئۆپەراسیۆنی هاوشێوە ئەنجام بدات. (مرزوق، 2018، ل، 21)

2/ لە کۆتاییەکانی ساڵی 2017 تورکیا هێرشێکی فراوانی بەرپا کرد دژی ئەدلب بۆ ئەوەی رێگە بگرێت لە بەهێزبوونی هێزە کوردیەکان لە ناوچە سنوریەکانی تورکیادا، بەتاییەتتر بۆ گەمارۆدانی کورد لە شاری عەفرین و رێگری کردن لێیان لە گەیشتن بە دەریای ناوەراست و بەهێزبوونی زیاتریان. (حموم، 2018، ل، 4-8)

3/ لە سەرەتای 2018 دوای ئەوەی ئەمریکا پاڵپشتی سوپایەکی چەند هەزار کەسی کرد لە هێزە کوردیەکان، ئەمە تورکیای نیگەران کرد و ئەمریکای تاوانبار کرد بە یاریکردن بە ئاگر، بە تایبەتتر ئەردۆگان رایگەیاند کە تورکیا بێدەنگ نابێت و هێرشی سەربازی ئەنجام دەدات. (جول ، 2016، ل 70)

4/ بەداگیرکردنی شاری عەفرین و دوورخستنەوەی کورد لە سنورەکانی و رێگریکردن لە فیدراڵیزم بۆ ناوچە کوردیەکان، تورکیا بە هاوکاری هەندێ هێزی ناو ئۆپۆزسیۆنی سوریا، لە مانگی یەکی 2018 ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتونی راگەیاند، لە ئاکامی سێ مانگ جەنگی خوێناوی، دواجار تورکیا دەستیگرت بەسەر شاری عەفریندا. (المعهد الدولي، 2018، ص، 36)

5/ ئامانجەکانی تورکیا بە پاڵنەری نەتەوەیی فراوانتر بوو، بۆیە دوای کۆنترۆڵ کردنی رۆژئاوای فورات، بۆ دژایەتی کردنی یەکجاری کیانە کوردیەکانی سوریا، تورکیا هەوڵی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی فوراتی دا، هێرشە سەربازیەکانی لە کۆبانی چر کردەوە، بە بیانووی ئەوەی ئاسایشی تورکیا لەژێر هەرەشەیە لە رۆژهەڵاتی فوراتەوە. (زهیر، ص، 262)

6/ دوای ئەوەی ئەمریکا بریاریدا هێزەکانی لەسوریا بکشێنێتەوە، تورکیا دەستی کراوەتر بوو بۆ فشار خستنە سەر هێزە کوردیەکانی سوریا بۆ پاشەکشەکردن لە سنورەکانی رۆژهەڵاتی فورات، ئەگینا رووبەرووی هێرشی سەربازی فراوانتر دەبنەوە. (www.eramnews.com)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7/ لەکۆنگرەی میونخ لە ئەڵمانیا وەزیری بەرگری تورکیا بە ئاشکرا ئەوەی راگەیاند کە دژی دروست بوونی کیانی کوردین لە سوریا، بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەن بچنە جەنگەوە لەگەڵ هەر لایەنێك کە دژی ئەم خواستەی تورکیا وەستاوەتەوە. (جول، 2016، ص 96)

## 2.3. ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی

لەکۆنگرەی میونخ وەزیری بەرگری تورکیا بە ئاشکرا ئەوەی راگەیاند کە دژی دروست بوونی کیانی کوردین لە سوریا، بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەن بچنە جەنگەوە لەگەڵ هەر لایەنێك کە دژی ئەم خواستەی تورکیا وەستاوەتەوە. (www.aljazeera.net )، ئامانجە ئاشکراکانی تورکیا لەم ئۆپەراسیۆنە سەربازیەدا خۆی لە دوو خاڵی سەرەکیدا کورت دەکردەوە، یەکەمیان پەیوەست بوو بە دروست کردنی ناوچەیەکی ئارام بە قوڵایی 30 کیلۆمەتر، دووەمیشیان تایبەت بوو بەدوورخستنەوەی یەکجاری هێزە شەرکەرەکانی کورد لە سنورەکانی تورکیا و داماڵینی چەك لەم هێزانە. (الرمیزان، 2019، 16) بۆ ئەم مەبەستە تورکیا پێویستی بە رێککەوتن بوو لەگەڵ هەر یەکە لە ئەمریکا و رووسیا، لە ماوەی یەك هەفتەدا هەردوو رێکەوتنەکەی ئەنجامدا. ئەم دوو رێکەوتنە بوونە هۆی ئەوەی ئۆپەراسیۆنەکە بتوانێت هێزە کوردیەکان بە قولایی 30 کیلۆمەتر بکشێنێتەوە و ناوچەیەکی ئارام بۆ تورکیا دروست ببێت. (الفکر الاستراتیجي، 2019، ص، 1)

وەزیری بەرگری تورکیا لە سەروبەندی کۆتایی هاتنی ئۆپەراسیۆنەکە ئەوەی راگەیاند کە ئۆپەراسیۆنەکە سەرکەوتووانە بە ئامانجەکانی خۆی گەیشتووە و ئیتر پێویست بەبەردەوامیدان بە ئۆپەراسیۆنەکە ناکات و ناوچەکە لە گروپە تیرۆرستیەکان پاك کراوەتەوە (مەبەستی هێزە کوردیەکانە) و تورکیا لە داهاتووشدا بەهیچ شێوەیەك رێگە نادات کیانێکی تیرۆرستی لەسەر سنورەکانی دروست ببێت (مەبەستی کیانی کوردیە). (www.aawsat.com)

سەرۆك کۆماری تورکیا ، لە دەستپێکی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی بۆ ناوچەکانی باکووری رۆژهەڵاتی سوریا بە ئاشکرا ئەوەی ڕایگەیاند: لە ژێر ناونیشانی ئۆپەراسیۆنی (کانی ئاشتی) تورکیا

چەندین ئامانجی ستراتیژی هەیە بەتایبەت کە ئامانج لەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییە درووستکردنی ناوچەیەکی ئارامە کە لە ڕۆژهەڵاتی فوراتەوە درێژدەبێتەوە، لە شاری جەرابلوس تا دەگاتە ئەوپەڕی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا لە سێگۆشەی سنووری نێوان( سووریا- تورکیا –عێراق) بە قووڵایی نزیکەی 30-40کیلۆمەتر و بەدرێژایی نزیکەی 460کیلۆمەتر لە سنووری نێوان سوریا و تورکیا. (المالكي، 2019، ل، 177)

کەواتە ئامانجە ئاشکراکانی ئەو ئۆپەراسیۆنە لە لێدوان و ئاماژە روونەکانی تورکیا دیاربوو کە دژی دروستبوونی هەر کیانێکی کوردین لە سوریا، بەتایبەت لە سنورەکانی نێوان سوریا و تورکیا. ئەرگومێنتی تورکیا لەدژایەتی کردنی کیانە کوردیەکانی سوریا لەسەر ئەو گریمانە بنیاتنراوە کە دروستبوونی کیانێکی کوردی لەسەر سنورەکانی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، دەبێتە پشتێنەیەکی ئەمان بۆ کوردانی تورکیا، بۆیە دروست بوونی هەر کیانێکی کوردی بە هەرەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێت. بۆ ئەم مەبەستەش سیاسەتی دەرەوەی خۆی لەسەر ئاراستەی دژایەتی کردنی دروستبوونی کیانێکی فەرمی بۆ کوردەکان بنیات ناوە، کە پاڵنەر و کارتێکەری ئەم سیاسەتەش بەپلەی یەکەم فاکتەرە نەتەوەییەکانە.

## 1.2.3. ئامانجەکانی ئۆپراسیۆنی کانی ئاشتی لە پەلاماردانی ڕۆژئاوای کوردستان

کۆمەڵێك ئامانج هەن لە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی تورکیا بۆ سەر باکووری رۆژهەڵاتی سوریا (ڕۆژئاوای کوردستان) گریگترینیان: (عبدالكريم، 2020، ص، 253، 290)

1-لە ڕواڵەتدا ئامانجی تورکیا لەم ئۆپراسیۆنەدا ئەوەیە کە بەنیازی نیشتەجێکردنی نزیکەی سێ ملیۆن ئاوارەی سوورییە لە ڕۆژئاوای کوردستان ، هەروەك (ڕەجەب تەییب ئەردۆگان) ڕایگەیاند کە بە نیازن سێ ملیۆن ئاوارەی سوریا لە دە ناوچەی باکووری سوریا نیشتەجێ بکەن کە دەکەونە قوڵایی 30کیلۆمەتر لە خاکی سوریا، بەوەیش تەواوی شار و شارۆچکەکانی ڕۆژئاوای کوردستان

دەگرێتەوە بەتایبەتی شـارەکانی قامیشـلۆ ، سـەرێکانی ،گرێ سـپی ،ڕمێلان ، منبج، و چەند شـارێکی دیکە.

2-تورکیا بەهێرشــکردنە ســەر باکووری ســوریا دەیەوێت ڕۆژئاوای کوردســتان ، ئابلۆقە بدات، دەروازەیەکیان بۆ نەهێڵێتەوە بۆ پەیوەندی کردن بە جیهانی دەرەوە، لەهەمان کاتدا تورکیا نایەوێت کوردەکان سـوود لە دەریای سـپی ناوەڕاسـت ببینن. پچڕاندنی پەیوەندی نێوان کوردەکانی ڕۆژئاوا و کوردەکانی باکوریش یەکێکی ترە لە ئامانجەکانی ئەم ئۆپراسیۆنەی تورکیا.

3-تورکیا دەیەوێت ڕێگە لە هەموو جۆرە بەیەککەیشــتنێکی جوگرافی بگرێت لە هەموو ناوچە کوردییەکان، بەمەیش ڕێگە لە خەونی بەیەکگەیشــتنی جوگرافی ناوچە کوردییەکان بە یەکدی دەگرێت. ئامانجی سـەرەکی ئۆپەراسـیۆنەکەش بریتیە لە گۆرینی دیمۆگرافی بەدانیشـتووی عەرەب لەرۆژاوای کوردستان لەچوارچێوەی ناوچەی 30 کم.

## پاڵنەرەکانی ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان:

کۆمەڵێك پاڵنەر هەن لەپشـت ئۆپەراسـیۆنی سـەربازیەکانەوە بۆ سـەر ڕۆژئاوای کوردسـتان لەلایەن تورکیاوە ، گرنگترین ئەو پاڵنەرانەش بریتین لە: (حەمە، 2019، 36)

1- دیدی ئەردۆگان بۆ ڕۆژئاوای کوردســتان هێزە کوردییەکانی ســوریا لەســەر ئەو تێگەیشــتنە بونیادنراوە، کە ئەردۆگان پێی وایە هێزە کوردییەکانی سوریا بەشێکن لە پارتی کرێکارانی کوردستان کە تورکیا وەك هێزێکی تیرۆریست مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، لەسەر ئەم بنەمایەیە کە تورکیا هێرشی ســەربازی دژ بە ڕۆژئاوا راگەیاندووە وەک درێژکراوەی ئەو جەنگەی کە ســاڵانێکە تورکیا لە دژی پەکەکە دەستپێکردووە، لەمەش زیاتر تورکیا وەك هەرەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی سەیری رۆژئاوای کوردستان دەکات.

2-تورکیا وەك مەترسـیەکی ئاسـایش و سـەربازی بۆ سـەر ئاسـایشـی نیشـتمانی تورکیا لە بوون و بەردەوامی ڕۆژئاوای کوردســتان و هەر کیانێکی دیکەی کوردی دەڕوانێت، ئەردۆگان وەک ســەرۆکی

تورکیا بەبوونی قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان زۆر هەستیارە، لەبەر ئەوەی پێی وایە بوونی کیانێکی سەربەخۆی کوردی لە سوریا تەنانەت ئەگەر وەک هەرێمی کوردستانیش لە فۆرمی فیدالیش بێت، ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە پاڵنەرێک بۆ سەربەخۆیی لە نێو کوردەکانی وڵاتەکەیدا و بەم هۆیەشەوە کوردەکان دەبن بە مەترسیەکی راستەقینە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی تورکیا و یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتە.

3-کپکردنی نارەزاییەتیە نێوخۆییەکانی تورکیا و گۆڕینی ئاراستەی ڕای گشتی تورکیا لە قەیرانی ئابوورییەوە بۆ جەنگی کورد، تورکیا لە ئێستادا لە قەیرانێکی ئابووری قووڵدایە، بەتایبەت کە بەهای لیرەی تورکی زۆر ناجێگیرە، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵئاوسانی ئابووری تورکیا بە لەسەدا 20مەزندە دەکرێت، نرخی کاڵا و شتومەك بەرێژەی لەسەدا 25 بەرزبۆوەتەوە، بەم هۆیەوە نارەزایەتی و تورەییەکی زۆر دەبینرێت لە نێو ڕای گشتی تورکیا بەرامبەر حوکمرانی پارتی داد وگەشەپێدان.

4- بەشێکی هۆکارەکانی پشت ئەم ئۆپەراسیۆنە بۆ ململانێی نێوخۆیی دەگەرێتەوە، بۆ نمونە ئەردۆگان بەتەنها نایەوێت پێگەی پارت و هاوپەیمانەکانی بەهێز بکات، لەرێگەی داگیرکردنی ڕۆژئاوای کوردستانەوە، بەڵکو دەیەوێت پێگەی نەیارەکانیشی لاواز بکات.

5-بەشێك لە لیکۆڵەرەوان باس لەوە دەکەن کە ئەردۆگان لەسەر ئاستی کەسی خۆی وەك سوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەبینێت، و خەون و خولیای فراوانخوازی هەیە و دەیەوێت لە رێگەی فراوانخوازییەوە ناوچە و سنورێکی زۆر بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، کە ئەمەش بەشێکە لە خەونی زیندووکردنەوەی پرۆژەی عوسمانی نوێ.

لە 6ی ئۆکتۆبەری 2019دا ترامپ سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند کە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەردۆگانی ئەنجامداوە لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە ئەمریکا هێزەکانی لە باکووری سوریا(ڕۆژئاڤا)دەکێشێتەوە و لەماوەیەکی زووشدا هێزەکانی تورکیا بەرەو ڕۆژئاوا دەجوڵێنن و هەر تورکەکانیش بەرپرسیارییەتی زیندانەکانی داعش لە ئەستۆ دەگرن (ڕەفعت، 2019، ل، 27)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە 9ی تشرینی یەکەمی2019دا، تورکیا بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا پرۆسەی سەربازی ئەنجامدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات لە باکوری سووریا ، ئەم پرۆسەیە ناونرا بە (پرۆسەی کانی ئاشتی) ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە بریتی بوو لەدرووستکردنی ناوچەی ئارام لە نزیك سنوورەکانی بە درێژایی ناوچەکانی سوریا بە درێژی 30 کیلۆمەتر ، بەمەبەستی دوورخستنەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد بوو لە سنوورەکانی (يحي، 2019).

## دەرەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند دەرەنجامێک، لەوانە؛

1. سیاسەتی ناوخۆ و بارودۆخی ناوخۆ و پرسە ناوخۆییەکان، دەشێ کاریگەری بخاتە سەر چۆنیەتی دارشتنی سیاسەتی دەرەوە، بەتایبەت لەو وڵاتانەی بە دەست کێشە و ململانێی نێوخۆیی درێژخایەن دەناڵێنن.
2. ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەریان لەسەر سیاسەتی دەرەوی هەر دەوڵەتێک هەیە، چەند جۆرێکی جیاوازیان هەیە، یەکێک لەو فاکتەرانەی کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەخۆ بەشدارە لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەدا فاکتەرە مێژوویی و کەلتوریەکانە، بەتایبەت نەتەوە و بەرژەوەندییە باڵاکانی.
3. تورکیا وەک یەکێک لە هێزە هەرێمیە کاریگەرەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، چەندین ئامانجی دیار و شاراوەی هەیە لەدارشتنی سیاسەتی دەرەوەیدا. هەروەها چەندین شێوازی جیاوازیشی بەکارهێناوە بۆ پەیرەوکردنی ئەو سیاسەتە، بەشێوەیەک کە لە هەندێ بارودۆخدا هێزی نەرمی بەکارهێناوە و لە هەندێ بارودۆخی دیکەشدا هێزی رەقی بەکارهێناوە.
4. هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی پرسی سوریادا تورکیا ستراتیژیەتێکی دیاری هەبوو کە خواستی ئەوەی هەبوو لێکەوتەکانی پرسی سوریا نەگاتە نێو تورکیا، لەسەر ئەو بنەمایەش سیاسەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرەوەی خۆی دارشت و وەک هێزێکی نەرم پێشوازی کرد لە چەندین کۆنگرەی نێودەوڵەتی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەی سوریا.

5. یەکێک لەو فاکتەرانەی کاریگەری هەبوو لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر پرسی سوریا، رێگری کردن بوو لە دروستبوونی کیانێکی کوردی لە سوریا هاوشێوەی هەرێمی کوردستان.
6. فاکتەری نەتەوەیی سەرەکیترین کارتێکەربوو لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر رۆژئاوای کوردستان، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش هێزی نەرم و رەقی خۆی پەیرەو دەکرد.
7. تورکیا لەپێناو رێگری کردن لەبەرەوپێش چوونی کیانە کوردیەکانی سوریا، لەژێر بەهانەی دورخستنەوەی مەترسی گروپە تیرۆرستیەکان (کورد لەروانگەی تورکیا بەشێکن لەگروپە تیرۆرستیەکان) چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجامدا بۆ سەر پارچە جیاوازەکانی رۆژئاوای کوردستان.
8. کاریگەرترین ئۆپراسیۆن بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان ئۆپراسیۆنی کانی ئاشتی بوو کە تورکیا لە رۆژهەڵاتی فورات ئەنجامیدا بەمەبەستی دوورخستنەوەی کیانە کوردیەکان لە سنورەکانی خۆی.

## سەرچاوە:

**یەکەم**؛ سەرچاوە کوردیەکان

1. باز ئەحمەد، بەرزبوونەوە و کەوتنی هێزی نەرمی تورکیا..پێنج ساڵی تر گۆشەگیر و پەراوێز دەخرێ، وشە، 2018، دەستگەیشتن 2020-10-31: http://wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=62541&Jor=4
2. بەهرۆز جەعفەر، تورکیا و قوڵایی ستراتیژی، کوردستان نێت، 2014. دەستگەیشتن 2020-10-31: http://www.kurdistannet.biz/2014/index.php/2013-12-26-19-02-03/2013-12-26-19-02-37/89-2013-12-26-01-53-02/1722-2014-10-03-06-20-07

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. تیم دانی، میلجا کورکی، ستیڤ سمیس، تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، وەرگێرانی: هێمن شەوکەت، سلێمانی، 2019، چاپخانەی حەمدی.
4. جۆزێف نای، هێزی نەرم و دیبلۆماسی لەسەدەی 21، وەرگێرانی : تەحسین تەها، پێنوس، 2007. دەست گەیشتن: 2020-10-31 -http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19 18-18/item/793-21
5. خامۆش عمر عبدالله، عدنان عبدالله رشید، بنەماکانی سیستەمە سیاسیەکان، چاپی دووەم، 2015، چاپخانەی یادگار.
6. خەلەف غەفور، کێشەی کورد و ئایندەی تورکیا، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم 2012
7. د.زهير جمعة المالكي، پرۆسەی "کانی ئاشتی" و خەونی عوسمانییە نوێکان و مەترسی لەسەر ناوچە سنوورییەکانی باکووری عێراق، و:یاسین عزەت،گۆڤاری جۆرنال، گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی شیکارییە ، ناوەندی کوردستان بۆ تویژینەوە لە ململانێی و قەیرانەکان دەریدەکات،ژمارە 42،تشرینی دووەمی 2019،سلێمانی.
8. د.شمال حسين بنەماکانی سیاسەتی دەرەکی (لەگەڵ چەند نموونەیەك لە سیاسەتی دەرەکی)،چاپخانەی تەفسیر،هەولێر، 2018.
9. د.شمال حسین، پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، چاپخانەی تەفسیر ، هەولێر، 2018،.
10. عەبدولعەلی قەوام، بنەماکانی سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی نێودەوڵەتی، وەرگێرانی: هاوڕێ سورخابی، هەولێر، 2012، چاپخانەی رۆشنبیری.
11. فەرهاد حەسەن عەبدوڵا، جەنگی نابەرامبەر: بەرگری ڕۆژئاڤا دژ بە داگیرکردنی تورکیا ، گۆڤاری جۆرناڵ، گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی شیکارییە، کە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێی و قەیرانەکان دەریدەکات، ژمارە42، تشرینی دووەمی 2019، سلێمانی.
12. گراهام فولەر-ئیان ئۆلیسەر-پاول بی هێنری- جەی ئیف براون، جیۆپۆلەتیکی نوێی تورکیا (ئاسیای ناوەند، بەلقان، کورد)، و: عەتا قەرەداخی، چاپی یەکەم، سلێمانی 2006.
13. مەلکۆ شێرۆکی، پرۆتۆکۆڵ، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٦، ل، 150، 152، 156.
14. هاوڕێ حەسەن حەمە، هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان :لێکدانەوەیەك لەسەر بنەمای ئاستەکانی شیکاری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، گۆڤاری جۆرنال، گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی شیکارییە ، ناوەندی کوردستان بۆ تویژینەوە لە ململانێی و قەیرانەکان دەریدەکات،ژمارە 42،تشرینی دووەمی 2019، سلێمانی.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

15. -ئارام ڕەفعت، پەیوەندی ئەمریکا –ڕۆژئاڤا: پەیوەندی پاترۆن-کلایەنتی، گۆڤاری جۆرنال، گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی شیکارییە ، ناوەندی کوردستان بۆ تویژینەوە لە ملمڵانیی و قەیرانەکان دەریدەکات،ژمارە 42،تشرینی دووەمی 2019،سلێمانی.
16. ئەلبێرت عیسا، دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٩

**دووەم**؛ سەرچاوە عەرەبیەکان

1. أ.م.د. اياد رشيد محمد، أ.م.د. محمد حمزة حسين، و أ.م.د.لبنى رياض عبدالمجيد، الحكومة التركية وتطورات القضية السورية دراسة في العلاقات و المواقف، مجلة دراسات الاقليمية، العدد 33، 2020.
2. ابتسام محمد العامري، البعد الاقليمي في الأزمة السورية، بحست منشور في المجلة السياسية والدولية، العددان 28-29، جامعة المسنتصرية، 2015.
3. ابراهيم البيومي غانم، تركيا و اوروبا، جدلية الاستيعاب و الاستبعاد، مركز جزية للدراسات، 2009
4. احمد داود اوغلو، العمق الاستراتيجى (موقع تركيا و دورها فى الساحه الدوليه)، ترجمه: جابر پلجى و گارق عبدالجليل، الدار العربيه للعلوم ناشرون و مركز الجزيره للدراسات، الگبعه الاولى 2010 .
5. أحمد سليم البرصان، سوريا مرحلة مابعد الأسد وأنعكاساتها على دول الجوار السوري، بحث منشور في المجلة اراء حول الخليج، العدد 98، مركز الخليج للأبحاث، جدة، 2015.
6. اسماعيل بيشكجي، كردستان مستعمرة دولية، ترجمة: زهير عبدالملك، دار ابيك للطباعة و النشر، الطبعة الاولى 1998
7. انطوان عبدالمسيح، تركيا و الأكراد وداعش فوق سفيح ساخن، بحث منشور في المجلة المستقبل العربي، العدد 28، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتيجية، أبوظبي، 2015،
8. تطوات عملية نبع السلام التركية في سوريا يوم بيوم، موقع الجزيرة نت، www.aljazeera.net
9. تقرير وحدة الرصد والتحليل في مركز الفكر الاستراتيجي للدراسات، عملية نبع السلام بين القوة والدبلوماسية، مركز الفكر الاستراتيجي للابحاث، اسطنبول، 2019.
10. جاسم محمد العزاوي، العلاقات التركية – الايرانية بعد عام 2011، المركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية و السياسية والاقتصادية، برلين، 2019 .
11. جان ماركو، المفاعل الدولية و الداخلية للسياسة التركية في سوريا، بحث منشور في مجلة سياسات عربية، العدد 17، المركز العربي للأبحاث دراسة السياسات، الدوحة، 2015.

12. جلال مرزوق، دور الاطراف الاقليمية والدولية في الأزمة السورية، رسالة ماجستير، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة العربي بن مهيدي، 2018.
13. جهاد عودة علي و عبدالمنعم عدلي، داعش و الآزمة الاستراتيجية في اقليم الشرق الادنى، المكتب العربي للمعارف، القاهرة، 2015.
14. د.وليد رضوان، العلاقات العربية-التركية ( دور اليهود و التحالفات الدولية و الاقليمية و PKK في العلاقات العربية-التركية، العلاقات السورية-التركية نموذجا)، الطبعة الاولى، بيروت 2006
15. رانيا حسناوي، السياسة التركية تجاه منطقة الشرق الأوسط في فترة حكم حزب العدالة والتنمية(2002-2015)،مذكرة مكملةلنيل شهادة الماستر في العلوم السياسية تخصص: دراسات استراتيجية،جامعة العربي التنبسي،كلية الحقوق والعلوم السياسية ،قسم العلوم السياسية،2016،ص.
16. سعيدي السعيد، سياسة تركيا الخارجية في ظل حزب العدالة والتنمية و انعكاساتها على العلاقات التركية-العربية،مجلة المفكر،العدد العاشر،جامعة محمد خيضر،قسم العلوم السياسية.
17. صامويل هنتجتون، صدتم الحظارات، ترجمة: طلعت الشايب، الطبعة الثانية، 1999
18. فرانسس فوكوياما، نهاية التاريخ ، ترجمة: حسين ظاحمد أمين، مركز الاهرام للترجمة و النشر، الطبعة الاولى، القاهرة 1992
19. فريدة حموم، التدخل التركي في سوريا: لجوء للقوة العسكرية في العلاقات الدولية، بحث منشور في مجلة اتجاهات سياسية، العدد 3، مركز الديمقراطي العربي، برلين، 2018.
20. كمال السعيد حبيب، الاسلاميون من هامش الى المركز، مركز الجزية للدراسات،2009
21. محمد الرميزان، العدوان التركي على سوريا الاهداف و التداعيات على المنطقة و الشرق الاوسط، بحث منشور في مجلة آراء حول الخليج، مركز الخليج للأبحات، جدة، 2019.
22. محمد ثلجي، أزمة الهوية: طرق جديدة للمعالجة، ت:مركز الجزيرة للدراسات، 2009 .
23. محمد زاهد جول، خطأت تركيا بالمراهنة على الربيع العربي و أيدت ثورات غير موجودة، بحث منشور في مجلة اراء حول الخليج، العدد 136، مركز الخليج للأبحاث، جدة، 2016.
24. محمد زهير عبدالكريم، تاثير المتغير الكردى فى السياسة الخارجية التركية، بحث منشور فى مجلة دراسات اقليمية، السنة ١٤، تشرين الاول2020.
25. محمد زهير عبدالكريم، تاثير المتغير الكردى فى السياسة الخارجية التركية تجاه سوريا بعد عام ٢٠١١، بحث منشور فى مجلة دراسات اقليمية، السنة ١٤، العدد٤٦، سنة ٢٠٢٠.
26. محود المنير، العولمة والعالم بلا الهوية، دار الكلمة للنشر و التوزيع، ص146

27. مركز الجزيرة للدراسات، الازمة السورية اتجاهات التدافعات الاقليمية و الدولية، مركز الجزيرة للدراسات، الدوحة، 2016.
28. المركز الخليج العربي للدراسات الايرانية، التقرير الاستراتيجي نصف السنوي الاول 2018، المركز الخليج العربي للدراسات الايرانية، الرياض، 2018.
29. المعهد الدولي للدراسات الايرانية، تقرير الحالة الايرانية 2018، المعهد الدولي للدراسات الايرانية، الرياض، 2018.
30. موقع ايرام نيوز، هل يعيد سحب واشنطن قواتها من سوريا الاكراد الى حضن دمشق؟ متاح على موقع : www.eramnews.com\
31. موقع جريدة الشرق الاوسط الالكترونية، تركيا تعلن وقف عملية نبع السلام وتبدأ بالاجرائات المشتركة مع رووسيا، 2019/10/24 www.aawsat.com
32. مارسيل ميرل، السياسة الخارجية، ترجمة : د. خضر خضر و جرجيس برس، سلسلة آفاق دولية، بيروت 1989.
33. د. زايد عبدالله مصباح، السياسة الخارجية، منشورات ELGA ، ١٩٩٤.
34. مازن اسماعيل رمضانى، السياسة خارجية: دراسة نظرية، جامعة بغداد، 1998.
35. محمد السيد سليم، تحليل السياسة الخارجية، مكتب النهضة العربية، القاهيرة، 1998.
36. مشرف وسمى الشمرى، مادة السياسة الخارجية، كلية العلوم السياسية، جامعة الموصل، 2014، ص 5.

سێیەم؛ سەرچاوە ئینگلیزیەکان

1. Holsti, Ole R, The Belief System and National Images: A case study, Journal of Conflict Resolution, No 6, 1962, p. 224-252.
2. John J. Mearsheimer, 2009, Rockless states and Realism, SAGE, available at: http//ire.sagepub.com/cgi/content/abstract/23241/2

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# National influences in Turkish foreign policy

## (The fountain of peace operation as a sample)

**Ahmed Babakr Ahmed**

Department of Diplomacy and international Relations, College of Law and International Relations, Lebanese French University ,Erbil, Kurdistan Region, Iraq

Ahmed.babakr@lfu.edu.krd

**Hogr Ibrahim Hakeem**

Department of Political Sciences, College of Political Sciences, Salahadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

lecturer at Department of Diplomacy and international Relations, College of Law and International Relations, Lebanese French University, Erbil - KRG- Iraq

Hogr.hakeem@su.edu.krd

**Keywords:** *Foreign policy, turkey, Rojava, Nationalism factor, Kani Ashti operation*

## Abstract

Turkey, as one of the influential powers in the Middle East, has a multi-dimensional foreign policy. It has different types and goals in drawing its foreign policy, and at the same time many factors have impacts on making its foreign policies. This research took its importance from its attempt to study Turkish foreign policy in general and Turkey's policy towards Western Kurdistan (Rojava) in particular. It is also looking for factors affecting the creation of Turkish foreign policy towards that region. In this context, the main question for the research comes: Are the national factors affected on the Turkish foreign policy towards Western Kurdistan?

This research was based on the hypotheses that Turkey was influenced by the factors of nationalism in drawing its foreign policy towards Western Kurdistan, and drawing the objectives of the military operations on the same basis, especially the Operation The fountain of peace, which affected the factors of nationalism.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# المؤثرات القومية في السياسة الخارجية التركية
# (عملية النبع السلام في سوريا كنموذج)

**ملخص:**

تعد تركيا أحد اهم القوى المؤثرة في الشرق الاوسط، ونتيجة لذلك، لديها سياسة خارجية متعددة الابعاد. تتفق مع انواع و اهداف مختلفة في رسم سياستها الخارجية، وفي نفس الوقت كثير من الفواعل لديها تأثيرات في صنع سياساتها الخارجية. هذا البحث أخذ أهميته من محاولة الباحث دراسة السياسة الخارجية التركية بشكل عام و سياسة تركيا تجاه غرب كوردستان (روجافا) بشكل خاص. أيضا البحث عن العوامل المؤثرة في صنع السياسة الخارجية التركية تجاه تلك المنطقة. في هذا الاطار يأتي السؤال الرئيسي للبحث، وهو هل تؤثر فواعل القومية على السياسة الخارجية التركية تجاه غرب كوردستان؟ بُنيي هذا البحث على فرضية، بإنه نعم تأثر تركيا بفواعل القومية في رسم سياستها الخارجية تجاه غرب كوردستان، و ورسم أهداف عمليات العسكرية على نفس الأسس، بالأخص عملية نبع السلام التي أثرت بعوال القومية.